خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5816) چوارشەممە 28ی ئاب 2019 «16» لاپەرە «500» دینار



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی بەرەی دیالۆگی عێراق دەکات

2

سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلوول کۆبۆوە

پێویستە بەهاکانی گەلەکەمان بە زیندوویی ڕابگیرێن



دوێنێ سێشەممە 2019/8/27 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلوولی سنووری لقی 26ی گوڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبۆوە.
لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلوول کرد لە بەرانبەر ئەو کار و چالاکییانەی کە لە دەڤەری بالەکایەتی بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار و یادگارییەکانی شۆڕشی ئەیلوول ئەنجامیان داوە و بە ئەرکێکی پیرۆزی لە قەڵەم دا و، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیی بۆ خواستن.
لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی جەختی لە پاراستنی ئەو بەها و دەستکەوتانە کردەوە کە بە خوێن و خەباتی میللەتەکەمان هاتووەتە دی و ڕاشیگەیاند پێویستە بەهاکانی گەلەکەمان بە زیندوویی ڕابگیرێن و ئەرکی هەموو لایەکیشمانە کە ڕووبەڕووی ئەو هەوڵانە ببینەوە کە ئامانجیان تێکدانی فەرهەنگ و بەهاکان و بێڕێزیکردنە بە سەروەرییەکانی گەلی کوردستان.

ئەمڕۆ شاندێکی حکوومەتی عێراق سەردانی هەولێر دەکات

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە



3

عێراق.. بەرزترین پلەی گەرما تۆمار دەکرێت

نێچیرڤان بارزانی و مایک پێنس، دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق تاوتوێ دەکەن





بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراقیان تاوتوێ کرد و جەختیان لە بەردەوامیی هاوبەشیی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان و گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و بوونی میکانیزمێکی هاوبەش بۆ ئەم مەبەستە، بە یارمەتیی ئەمەریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، کردەوە.
لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا کە ئێوارەی دوێنێ سێشەممە 8/27/ 2019 ئەنجام درا، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بە باشتربوونی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق و باشتربوونی دۆخی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دا و دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە هەموو کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکات و بەردەوامیی سیاسەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستن و هاوکاریکردنی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان و کارکردن بۆ قووڵکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیان کردەوە و هاوکاری و پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان نیشان دا، تا بتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانیان.
لای خۆیەوە بەڕێز مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، سوپاسی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و هەرێمی کوردستانی کرد و ڕێز و پێزانینی وڵاتەکەی بۆ ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و شکاندنی داعش دووپات کردەوە، هەروەها سڵاوی بۆ خانەوادەی شەهیدان و قوربانیانی دەستی تیرۆر نارد.
بەڕێزیان خۆشحالیی ئیدارەی ئەمەریکایشی بۆ باشتربوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا نیشان دا و دووپاتی کردەوە کە ئەمەریکا لە هاوکاری و پشتگیریی هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بەردەوام دەبێت، هەروەها هاوکاریی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و پێکهاتەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانیان.

لە مەراسیمێکدا لە هەولێر گۆتایی بە خولێکی سەربازیی جێگری سەردەستەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی هێنرا

3

چاکسازیی تەواو لە ناوی مووچەخۆران دەکرێت و دوو مووچەیی نامێنێت

6

زیاتر لە 26 هەزار پارچە زەویی کارت تاپۆ دەکرێن

6



ئافرەتێکی موسڵمان بووە سکرتێری گشتیی گەورەترین دامەزراوەی ئایینی لە جیهاندا



کچە کوردێکی ئێزدی ڕزگارکرا

کچێکی کوردی ئێزدی لە سنووری نێوان سووریا و تورکیا ڕزگارکرا و بڕیاریشە ئەمڕۆ ڕادەستی کەسوکارەکەی بکرێتەوە. حسێن قائیدی، بەرپرسی نووسینگەی ڕفێنراوانی کوردی ئێزدی بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندووە: بە هاوکاری ئاژانسی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کچێکی دیکەی کوردی ئێزدی ڕزگار کرا. بەرپرسی نووسینگەی ڕفێنراوانی کوردی ئێزدی دەڵێت، کچەکە ناوی دەنیس شەمۆیە و خەڵکی کۆمەڵگەی خانەسوورە و تەمەنی10 ساڵە. جێی باسە لە کۆی شەش هەزار و 500 کوردی ئێزدی تاوەکو ئێستا نزیکەی سێ هەزار و 500 کوردی ئێزدی ڕزگارکراون و هێشتا چارەنووسی نزیکەی سێ هەزاری دیکە ئاشکرا نەکراوە.

فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە شنگال: دۆخی شارەکە خراپە

2



گەشتیاران لە کوالێتی و خزمەتگوزاری و نرخی کەپرەکانی گەشتیاری نارازین

14

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی بەرەی دیالۆگی عێراق دەکات

دواینی گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا



دوێنێ سێشەممە 2019/8/27 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە سالح ئەلموتلەک سەرۆکی بەرەی دیالۆگی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوو لە ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بەرەی دیالۆگی عێراق. لە دیدارەکەدا کە فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەی بوو، بیرۆڕا لەبارەی دواینێ گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا و هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر ئەو ڕێگەچارە سیاسییانە کە دەبنە هۆی پێشڤەچوونی پرۆسەی سیاسی و سەقامگیری و بنیاتنانی دەوڵەتی مەدەنی.

هەر لەو دیدارەدا جەخت لەسەر بەردەوامیی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هەماهەنگیی سیاسی و پەرلەمانی کرایەوە.



پرسەنامەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی بۆ بنەماڵەی جەواد سالح نەورۆز

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی جەواد سالح نەورۆز (ناسراو بەحاکم جەواد) مان بیست. پرسە وسەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری دەکەین. ئومێدەوارین خوای گەورە گیانی بە بەهەشت شاد بکات وئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ وەزیری هەرێم خالید شوانی

بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پرسەنامەیەکی ئاراستەی وەزیری هەرێم بەڕێز خالید شوانی کرد ئەمە دەقەکەیەتی:

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی (سەلام سەعید) ی باوکی بەڕێزتانم بیست . پرسە و سەرەخۆشیتان لێدەکەم و هیوادارم خوای گەورە گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەس و کار و بنەماڵە بەڕێزەکەتان ببەخشێت.

مەسرور بارزانی/سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆک بارزانی لە تەندروستیی ئەمیری کوەیت دەپرسێت



بەمەبەستی هەواڵپرسین لە تەندروستی ئەمیری کوەیت پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/8/26 هێمن هەورامی بە نوێنەرایەتی ڕێزدار جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی سەردانی د. عمر الکندیری کونسوڵی وڵاتی کوەیتی لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی بە نوێنەرایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی لە هەواڵی تەندروستی ئەمیری کوەیتی پرسی و هیوای تەندروستییەکی باشی بۆ خواست، هەر لە دیدارەکەدا جەخت لە بەهێزی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی کوەیت کرایەوە، هەڵوێستی کوەیت لەبەرامبەر دۆزی ڕەوای کورد و کوردستان بەرزنرخێندرا و هاوکارییەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی ڕوویان لە کوردستان کردووە بە سوپاسەوە باسکران.

ئەمڕۆ شاندێکی حکوومەتی عێراق سەردانی هەولێر دەکات

ڕێبەر ئەحمەد: لە کۆبوونەوەکاندا باس لە کۆی ئەو کێشانە دەکەین کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەن



وەزیری ناوخۆ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێبەر ئەحمەد لە گوتارێکیدا لە میانی ڕێورەسمی کۆتایی هاتنی خولێکی مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگەی زێرەڤانی تیشکی خستە سەر ڕۆڵی پێشمەرگە لە سەقامگیری هەرێمی کوردستان. ڕێبەر ئەحمەد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا دوای کۆتایی هاتنی ڕێورەسمەکە ئاماژەی بە هاتنی شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان کرد و گوتی: ڕۆژی چوارشەمە شاندێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە سەرۆکایەتیی وەزیری ناوخۆ، یاسین یاسری دێتە هەولێر، باس لە کێشەکانی هەولێر و بەغدا دەکەین. هەر کاتێکش ئەوان ئامادەبن ئێمە سەردانی بەغدا دەکەین و لەبارەی کێشەکانەوە گفتوگۆ دەکەین.

وەزیری ناوخۆ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند کە شاندەکە تایبەتە بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق و تایبەت دەبێت بە گفتوگۆ لە نێوان هەردوو وەزارەت و گوتی: بڕیارە لە کۆبوونەوەکاندا باس لە کۆی ئەو کێشانە بکەین کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەن.

ڕێبەر ئەحمەد لەبارەی ئەو لێژنانەی کە دروستکراون بۆ ئەوەی سەردانی بەغدا بکەن گوتی: لێژنەکانمان دروستکردووە لەبارەی دۆسیەی ئەمنی و سەربازی و ماددەی 140 و جێبەجێکردنی، هەروەها لێژنەی گفتوگۆ لەبارەی قەرزی نەوت و گاز و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی پەیوەست بە نەوت و گازەوە.

هاوکات بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، نوردین سەعید وەیسی ڕایگەیاند کە بڕیارە شاندەکەی حکوومەتی عێراق لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کۆبێتەوە و بەپێی زانیارییەکان شاندەکەی حکوومەتی عێراق ماوەی دوو ڕۆژ لە هەرێم دەمێنێتەوە.

تیرۆریستانی داعش ئازادانە لە سنووری خورماتوو هاتوچۆ دەکەن



بەرپرسێکی پێشووی ئەمنی لە سنووری خورماتوو ڕایدەگەیەنێت، تیرۆریستانی داعش بە ئارەزووی خۆیان لە دەروبەری خورماتوو هاتوچۆ دەکەن.

فاروق ئەحمەد، بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی خورماتوو، بە خەباتی ڕاگەیاند: تیرۆریستانی داعش لە ژمارەیەک گوندی دەروبەری خورماتوو بە ئازادانە هاتوچۆ دەکەن و ئەوان مەترسین بۆ سەر خورماتوو، بەڵام دیارە بڕیارێکیش هەیە کە ئەو تیرۆریستانە لە سنووری دەروبەری خورماتوو ڕاونەنرێن و لەنێو نەبرێن، بەتایبەت لە ناوچە کوردییەکان و پێدەچێت پیلانێک هەبێت، چونکە حکوومەتی عێراقی، ئۆپەراسیۆن بۆ سەر زۆر شوێن دەکات بۆ کۆتایهێنان بە داعش، بەڵام بۆ سەر داعشەکانی سنووری خورماتوو نایکات بە تایبەت لە ناوچە کوردییەکان، ئەو شوێنانەیان فەرامۆشکردووە کە ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ مانەوەی ئەو تیرۆریستانە لە ناوچەکە.

گوتیشی، داعش لە زۆر شوێنی دەروبەری خورماتوو بوونیان هەیە و ئەوان لە سنووری خورماتووەوە و هاتوچۆی سنووری کەرکووک دەکەن و ڕێگای تایبەتیی خۆیان هەیە و تاکو دێنە سنووری گوندی ئاخجەمەشت کە لە سنووری خورماتووە و گوندێکە دانیشتوانەکەی کوردن و داعش بە ئارەزووی خۆی جەولە دەکەن، حکوومەتیش باش دەزانێت لە کوێن و لە کوێ نین، بەڵام وەک گوتم مەبەستیان لەنێوبردنیان نییە.

فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە شنگال: دۆخی شارەکە خراپە

فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە شنگال ئاماژە بەوە دەکات دۆخی شارەکە خراپە و پەکەکە و حەشدی شەعبی سەنتەری شار و ناوچە سنووربییەکانیان کۆنترۆڵکردووە و مەترسی گەورەی ئەمنی لەسەر شارەکە هەیە. قاسم دەربۆ، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: ماوەیەک پێش ئێستا تورکیا بنکە و بارەگای پەکەکەی لە شنگال وێرانکردووە و چەند ساڵ پێش ئێستاش کراونەتە ئامانجی فڕۆکەی تورکیا و ئێستاش پەکەکە لە شنگال دەستی کردووە بە لێدانی خەندەق و تونێلی گەورە. ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە گوتیشی: دیار نییە لێدانی ئەو هەموو خەندەق و تونێلە چییە، بەڵام دۆخی شارەکە باش نییە، بە تایبەت لەڕووی ئەمنییەوە پەکەکە لە سەنتەری شار و حەشدی شەعبی لە سنوونێ و بەعاج و چەند ناوچەیەکی سنووری شنگالیان کردووەتەوە مۆڵگەی خۆیان.



ئەمڕۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دواپێشهاتەکانی عێراق تاوتوێ دەکات

بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەمە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دانیشتنێک سەبارەت بە تاوتوێکردنی دوا پێشهاتەکانی عێراق ساز دەکات. لەمبارەیەوە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە ڕۆژی چوارشەمە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دانیشتنێک ساز دەکات و تیادا دوا پێشهاتەکانی عێراق تاوتوێ دەکات.

لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژە بەوەشکراوە کە لە میانی دانیشتنەکەدا، جینین هێنیس پلاسخارت کورتەیەک سەبارەت بە پێشهاتەکانی ڕەوشی عێراق پێشکەش دەکات. هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی دانیشتنەکەدا، گفتوگۆ لەبارەی ئەو ڕاپۆرتە دەکرێت کە سەبارەت بە پێشهاتەکانی عێراق پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کراوە.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/8/28 ژمارە (5816)
خەبات

لە مەراسیمێکدا لە هەولێر کۆتایی بە خولێکی سەربازیی جێگری سەردەستەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی هێنرا

ڕێبەر ئەحمەد: دەبێ ڕاهێنان و فێربوون ببێتە کولتووری زاڵ بۆ پێگەیاندنی پێشمەرگە و ئاشناکردنی بە هونەرەکانی جەنگ





هەولێر- بڕیار کۆچی

دوێنێ سێشەممە 2019/8/27 بە ئامادەبوونی ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە و و لیوا عەزیز وەیسی فەرماندەی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای حزبی و حکوومی و جێگر و یاریدەدەر و ئەندامانی فەرماندەیی و فەرماندە و ئەفسەرانی زێرەڤانی، لە مەراسیمێکدا لە فێرگەی مەشقی پلنگەکانی زێرەڤانی- هەولێر کۆتایی بە خولی سەربازیی"شەهید عەمید ئەسکەندەر گەردی" کە تایبەت بوو بە جێگری سەردەستەکان و لقی نیشانەشکێنی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی هێنرا.

مەراسیمەکە بە سروودی نیشتیمانی ئەی ڕەقیب و ڕێڕەوپشتنی سەربازیی بەشداربووانی خول کە ژمارەیان نزیکەی450 پێشمەرگە بوو بە هەردوو بەشی جێگری سەردەستەکان و لقی نیشانەشکێن دەستیپێکرد و پاشان چەند فایلێکی سەربازیی و وەرزشیی تایبەت پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لەمیانەی مەراسیمەکەدا گوتاری هەریەکە لە نوێنەری فێرگەکانی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و نوێنەری پێشمەرگە بەشداربووەکانی خولەکە پێشکەشکرا کە تیایدا تیشک خرایە سەر ناوەڕۆکی خولەکە کە ماوەی زیاتر لە 10 مانگی خایاندووە لە هەر سێ فێرگەی پارتیزانی و خنس و پلنگەکانی زێرەڤانی هەولێر، کە لەمیانەدا چەندین وانەی سەربازیی پێشکەوتوو بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی پێشکەش بە بەشداربووەکان کراوە.

پاشان ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتارێکی پێشکەش کرد و لەمیانەدا گوتی: باشترین پاداشت بۆ شەهیدان، درێژەپێدانە بە ڕێبازی پێرۆزیان و خۆڕێکخستن و خۆسازدانە بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو بۆ ئەوەی هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە ئاسوودەیيدا بژین.

وەزیری ناوخۆ گوتیشی: هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی پێشمەرگەی زێرەڤانی لە سااڵنی ڕابردووەدا لە پرۆسەی بەرگریکردن لە کوردستان لە بەرامبەر دوژمنانداڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە.

ڕێبەر ئەحمەد، ئاماژەی بەوەش کرد: بێگومان دەبێ ڕاهێنان و فێربوون ببێتە کولتووری زاڵ بۆ پێگەیاندنی پێشمەرگە و ئاشناکردنی بە هونەرەکانی جەنگ، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە شێوازەکانی شەڕ گۆڕاون.

وەزیری ناوخۆ ڕاشیگەیاند: هێزەکانی فەرماندەیی زێرەڤانی شانبەشانی برا پێشمەرگەکانی دیکە لە تەواوی یەکە و بەرامبەر دوژمنانداڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە شەڕەکانی دژ بە داعش و بەرگریکردن لە کوردستان و دەبێ لە داهاتوودا ئاشنایەتیی زیاتری لە هەموو بوارەکانی شەڕدا هەبێ و داوای هەماهەنگیی زیاتر لە هێزی هاوپەیمانان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق دەکەین.

ڕوونیشیکردەوە کە"مەترسیی سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان بەهێزە، بۆیە دەبێ زۆر وشیار بین و هەموو ڕێکارێک بگرینە بەر".

بەر لە کۆتاییهێنان بە مەراسیمەکە سەرجەم بەشداربووەکانی خولەکە بە یەکەوە سوێندی یاساییان خواردکە تا دوا دڵۆپی خوێنیان بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و خاک و خەڵکی کوردستان بکەن.

خولەکە بە ناوی شەهید (عەمید ئەسکەندەر گەردی)یەوە کرا





عەدالەت عومەر: زیاتر لە 60 هەزار خێزانی عەرەبی هاورە لە کەرکووک دەنگ دەدەن ئەو کوردانەی ئاوارەبوونە بۆ هەرێمی کوردستان ناتوانن دەنگ بدەن

پەرلەمان بەنیازە یاسایەکی نوێ بۆ ڕۆژنامەگەری دابڕێژێت

پەرلەمانتارێکی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە یاسایەکی نوێ بۆ کاری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان دادەڕێژرێت. پێشەوا هەورامی، ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنیی پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان کەموکورتی زۆرە و بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان گونجاو نییە. پێشەوا هەورامی هەروەها ڕایگەیاند، چەند پێشنیازێک بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەگەری هەن و هەوڵ دەدرێ ئەو یاسایەی ئێستا ڕەت بکرێتەوە و یاسایەکی نوێ دابڕێژرێت. ئەو پەرلەمانتارە، کە هاوکات گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئاماژەی بەوەش کرد، کە لە یاسا نوێیەکەدا، بواری سۆشیالمیدیاش ڕێکدەخرێتەوە و لە یاساکەدا جێی دەکرێتەوە.

پێویستە کورد هەڵوێست وەربگرێت و بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بکات

یاسا هەموارکراوەکەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، مافی دەنگدان دەبەخشێتە دیان هەزار خێزانی عەرەبی هاورە لە کەرکووک، بەرپرسێکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەڕەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمیش، هۆشداری دەدات ئەگەر کورد لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بێت، زەرەرمەندی یەکەم دەبێت.

عەدالەت عومەر، ڕاوێژکاری دەستەی ناوچە کوردستانییەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بەشداریی لایەنە کوردستانییەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا، زیانی زۆر بە کورد دەگەیەنێت، چونکە بە گوێرەی ماددەی 16ی نێو پڕۆژەیاسا هەموارکراوەکەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، ئەوانەی ناسنامەی کەرکووکیان نەبێت، ناتوانن دەنگ بدەن، بەڵام مەرجی داناوە بۆ ئەوانەی ماددەی 140ی دەستووری عێراق دەیانگرێتەوە، کە بەو هۆیەوە زیاتر لە 60 هەزار خێزانی عەرەبی هاورە مافی دەنگدانیان دەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا مافی دەنگدانیان نەبوو.

ئەو بەرپرسەی ناوچە کوردستانییەکان گوتیشی: دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، هەموو ئەو خێزانە عەرەبانە گەڕاونەتەوە کەرکووک و لە لیژنەی ماددەی 140 فایلیان هەیە، سەرەڕای ئەوەی پێشتر ژمارەیەکی زۆریان قەرەبوو کراونەتەوە و گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان لە پارێزگاکانی عێراق، بەڵام دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک. لەبارەی مەترسیی دەنگدانی ئەو عەرەبە هاوردانەشەوە، عەدالەت عومەر دەڵێت: جگە لەو 60 هەزار خێزانە، بە هەزاران خێزانی دیکەی عەرەب لە تکریت و ڕومادی دوای 16ی ئۆکتۆبەر هاتوونەتە کەرکووک و لەوێ بەشداریی دەنگدان دەکەن، ئەوەش وا دەکات ڕێژەی دەنگدەری عەرەب بەرامبەر بە کورد زیاد بکات، ئەمە لە کاتێکدایە ئەو کوردانەی ناوارە بوونە بۆ هەرێمی کوردستان، ناتوانن دەنگ بدەن.

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، ژمارەی دەنگدەرانی کەرکووک یەک ملیۆن دەنگدەر بووە، بەڵام ئێستا دەستکاریی ئەو ژمارەیە کراوە لە بەرژەوەندیی عەرەبی شۆڤێنی، لەبەر ئەوە پێویستە کورد هەڵوێست وەربگرێت و بایکۆتی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق بکات و ئەوانەشی لە پەرلەمانی عێراق دەنگیان بە یاساکە داوە، بەرپرسیارێتیی میژوویی هەڵدەگرن.

عێراق.. بەرزترین پلەی گەرما تۆمار دەکرێت

دەستەی کەشناسی عێراق ڕایگەیاند کە پلەکانی گەرما بەرزدەبنەوە و لە هەشت پارێزگا دەگەنە 50 بۆ 51 پلەی سەدی. لە ڕگەیەندراوێکدا دەستەی کەشناسی عێراق ئاماژەی بەوەکردووە کە لە پارێزگاکانی ئەنبار، واست، نەجەف، دیوانییە، موسەننا پلەکانی گەرما بەرزدەبنەوە و دەگەنە 50 پلەی سەدی و لە پارێزگاکانی میسان و زیقاریش دەگەنە 51 پلەی سەدی.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەیشکراوە کە پلەکانی گەرما لە بەغدا، سەلاحەدین، کەربەلا، بابل دەگەنە 49 پلەی سەدی و لە دهۆک و سلێمانی 42 و لە هەولێر43 و لە مووسڵ و کەرکووک 46 و لە دیالە 47 پلەی سەدی.

دەستەی کەشناسی عێراق، ئەوەشی خستووەتەڕوو کە بە هۆی کاریگەری دابەزینی پاڵەپەستۆی گەرمای وەرزییەوە، وڵات تا ڕۆژی پێنجەشممەی داهاتوو لەژێر کاریگەری شەپولی گەرما دەمێنێتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا داوا لە هاووڵاتیان کراوە کە ڕاستەوخۆ خۆیان نەدەنە بەر تشکی خۆر و شلەمەنی بخۆنەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە تا ڕۆژی هەینی داهاتوو پلەکانی گەرما لە سەرجەم ئەو ناوچانە بە بەرزی دەمێنێنەوە، بەڵام لە ڕۆژی شەممەی داهاتووە پلەکانی گەرما لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور دادەبەزن.



ئافرەتێکی موسڵمان بووە سکرتێری گشتیی گەورەترین دامەزراوەی ئایینی لە جیهاندا

خەبات- مەریوان تەقشەندی

بۆ یەکەمجار لەمێژوودا گەورەترین دامەزراوەی ئایینی لە جیهاندا ئافرەتێکی موسڵمان دەکاتە سکرتێری گشتی خۆی و ئەم بڕیارەش پێشوازیەکی گەورەی لە جیهاندا لێکرا و هەندێک پرسیاری شەرعیشی لە لای چەند کەسایەتییەکی ئیسلامی دروستکردووە.

لە کۆنگرەی ئاین لەپێناو ئاشتی کەلەشاری لیندا و لە ئەڵمانیا بە بەشداری سەرۆکی ئەڵمانیا و نزیکەی 900 کەسایەتی گەورە و ناسراوی هەموو ئایینەکان و کەسایەتیە سیاسی و دیپلۆماسی و پیشەییەکان کە لە 125 دەوڵەتی جیهانەوە هاتبون، خاتو عەززە کەردم کە ئافرەتێکی موسڵمانی میسریە و پێشتر لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکان کاری کردووە بە سکرتێری گشتی دامەزراوەی (ئایینەکان لەپێناوی ئاشتی) نێودەوڵەتی هەڵبژێردرا کە ئەم دامەزراوەیە گەورەترین دامەزراوەی ئایینییە و گەورە مەرجەع و کەسایەتی هەموو ئایینەکانی لەسەرتاسەری دنیا تێدایە و ئەم هەڵبژاردنەش لەناو کۆنگرەکە و لە دەرەوەش بە چەپڵەڕێزان پێشوازی کرا، بەڵام بەشێک لە زانایانی ئیسلامی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە ڕەخنەیان لەم بڕیارە گرت و تاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە گرفتی شەرعی لەم بڕیارەدا هەیە و بە بۆچوونی ئەم چەند کەسایەتیە ئیسلامییە ناکرێ ئافرەتێک سکرتێری دامەزراوەیەکی گەورەی ئایینی لەم شێوەیە بێت کە بەرپرسیاریەتی دنیایی و دینیشی تێدایە و لەلایەکی تریشەوە نەدەبوو ئافرەتێکی سفور بکرێتە سکرتێری گشتی ئەم دامەزراوە گەورە و هەستیارە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنی دکتۆرە عەززە کەردم بۆ ئەم پۆستە گەورەیە جێگای پێشوازی زۆربەی ناوەندە ڕێکخراوەیی و حکومی و جەماوەرییەکان بوو بەتایبەتیش لەلای ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی جیهان و لەوانەش ئافرەتانی کوردستان کە پێشوازیان لەم هەنگاوە و ئەم بڕارەیە کرد. شایانی باسە لەو کۆنگرەیەی ئەڵمانیا ڕێژەی ئافرەت لەناو بەشداربووانداز نزیکەی 37% بوو ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە زۆر لەکەسایەتییە ئاینیە پیاوەکانیش دەنگیان بەم خاتوونە داوە بۆ ئەوەی ببێتە سکرتێری گشتی ئەم دامەزراوە ئایینییە نێودەوڵەتییە گەورەیە.

تاریق جەوهەر: دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکاتەوە

لەم خولەدا 10 تا 15 پرۆژەیاسا لە لێژنەکانەوە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکرێن



ڕاوێژکاری لێژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە چاوەڕوان دەکرێت پێش دەستپێکردنی وەرزی نوێی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە سەرەتای ئەیلوولی ئەمساڵ، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆک فراکسیۆن و لێژنەکان کۆببنەوە بۆ دیاریکردنی ئەو پرۆژە یاسایانەی لەپێشترێتییان هەیە. چاوەڕوانیش دەکرێت لەم وەرزە نوێیەدا، نزیکەی10 بۆ 15 پرۆژەیاسا لە لێژنەکانەوە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێن.

ڕاوێژکاری لێژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەزرش و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان، تاریق جەوهەر لە لێدوانێکدا سەبارەت بە دیارترین ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لە وەرزی نوێدا تاوتوێ دەکرێن و دەخرێنە بەرنامەی کارەوە، ڕایگەیاند: تا ئێستا بەڕەسمی گرنگترین ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لە وەرزی نوێی یاسادانان دەخرێنە بەرنامەی کارەوە، بڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتوو واتە لە یەکی ئەیلوولەوە پەرلەمانی کوردستان دەست بەکارەکانی پاش پشووەکەی بکاتەوە، بەڵام بەگشتی ئێستا سەرجەم لێژنەکان سەرقاڵی ئامادەکردنی چەندین پرۆژە یاسان و هەریەکەیان بەپێی بوار و پسپۆڕی و تایبەتمەندی خۆیانەوە.

ئەو هەروەها باسی لە کارەکانی ئەو لێژنەیەش کرد کە ئەو تیایدا ڕاوێژکارە و ڕایگەیاند: ئێستا لێژنەی ڕۆشنبیری سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای ڕێکخستنی ریکلامینێ کە تایبەتە بە ڕێکخستنی ئەو بوارە لە هەرێمی کوردستان و هێشتا لەم بوارەدا بۆشاییەکی زۆر هەیە و پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، بۆیە شارەزایانی لێژنەی ڕۆشنبیری لە ئەندامانی لێژنەی ڕۆشنبیری لە میانی هەفتەی رابردوودا چەندین دانیشتنییان کردووە، ئێستا پرۆژە یاسایەک لە کۆتاییەکانی گەلاڵەکردنییەتی دایە، پێشتیریش ئەم پرۆژە یاسایە ڕابۆچوونی شارەزایانی ریکلام و میدیای بۆ وەرگیراوە و چەندین کۆڕ و سیمیناری بۆ بەستراوە، ئێستا جارێکی دیکە دوای ئەوەی پرۆژە یاساکە دەخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانەوە کۆڕ و سیمیناری بۆ دەکرێت و بەدواداچوونی وردی بۆ دەکرێت لەگەڵ شارەزایانی بواری میدیا و ریکلام و ئەکادیمیستەکانیش، هەروەها لەگەڵ کۆمپانیاکانی ریکلامیش قسەدەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن ئەو بواره ڕێکبخرێتەوە، چونکە ئەوە بوارێکی گرنگە لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەمڕۆ ریکلام بووە بە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ میدیا و کۆمپانیاکان، هەروەها بۆ حکوومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش.

تاریق جەوهەر لە دڕێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە چاوەڕوانیی خەڵک لەم خولە و لەم وەرزەی کە بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتوو دەستی پێ بکات پاش تەواوبوونی پشووی پەرلەمان گوتی: خەڵک چاوەڕوانی ئەوەیە پەرلەمان لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی نوێی دانیشتنەکانی هەنگاوە جیددییەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی چاکسازی و پرۆژە یاسای چاکسازی بنرێت کە لە خولی پێشوو گەرێنرایەوە، هەروەها مەسەلەی چارەسەرکردنی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران، پرسی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ناوەندی، مەسەلەی نەوت و غازی هەرێم، هەروەها خۆ ئامادەکردن بۆ نارەدنی پرۆژە بوودجەی هەرێم بۆ پەرلەمان کە لە خولی ڕابردوودا هیچ سالێک پرۆژەکە نەنێردرا بۆ پەرلەمان، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ئەم پرۆژەیە لەم کابینەیە بنێردرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی پەرلەمان ئاگاداری بوودجە و خەرجی و داهاتەکانی هەرێم بێت.

ئەو ڕاوێژکارەی لێژنەی ڕوشنبیری هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لێژنەکان دانیشتن دەکات بۆ تاوتوێکردنی دەستپێکی وەرزی نوێی یاسادانان و کارکردن بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی لەپێشترێتییان دەدرێتێ و لە هەفتەی ڕابردووشدا دەستەی ڕاوێژکارانی پەرلەمان و سکرتێری لێژنەکانی پەرلەمان لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوەیان کردووە و دیسان داوای ڕا و سەرنجی ڕاوێژکاران و شارەزایانی کاری پەرلەمان کرا بۆ ئەوەی بزانرێت چی بکرێت بە ئەولەوییەت لە وەرزی نوێ.

تاریق جەوهەر سەبارەت بە ژمارەی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە تاوەکو ئێستا هاتوونەتە پەرلەمانەوە گوتی: ئێمە لە سەرەتای کارەکانی ئەم خولەین، ئەم وەرزە بەکردەیی یەکەم وەرزی یاسادانان دەبێت، چونکە پرۆژەیاسا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بە هۆی قەیرانە سیاسییەکان پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی وەکو پێویست پرۆژە یاسا پەسەندبکرێت، چەند پرۆژەیەکی کەم نەبێت، بۆیە چاوەڕوانین لەم وەرزەدا،10 بۆ 15 پرۆژە یاسا لە لێژنەکانەوە گەلاڵە بکرێن بۆ ئەوەی خوێندنەوەیان لەسەر بکرێت و پەسەندبکرێن.

جێگری سەرۆکی ئەمەریکا:

واشنتن پشتیوانی مافی ئیسرائیل دەکات بۆ بەرگریکردن لە خۆی



دەنگی ئەمەریکا/ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا مایک پێنس دەڵێت، قسەی لەگەڵ سەرۆک وەزیری ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهو کردووە و دووبارە جەختی لە پشتیوانی ئەمەریکا کردۆتەوە بۆ ئیسرائیل. جێگری سەرۆکی ئەمەریکا مایک پێنس لە تویتەر نووسیویەتی: ئەم بەیانییە گفتوگۆیەکی زۆر باشم کرد لەگەڵ سەرۆک وەزیر ناتانیاهودا. ئەمەریکا بەتەواوەتی پشتیوانی لە مافی ئیسرائیل دەکات بۆ بەرگریکردنی لە خۆی. ئەمەریکا لە سەردەمی سەرۆک دانۆڵد ترامپدا هەمیشە لە پاڵ ئیسرائیلدا دەبێت. جێی باسە ڕۆژی یەکشەمە ئیسرائیل ڕایگەیاند، هێرشێکی ئاسمانی کردۆتە سەر بالێکی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران لە سوریا و ڕۆژی پێنجشەمەش ناتانیاهو بەشێوەیەک قسەی کرد کە ئیسرائیل دەستی هەبووبێت لە زنجیرەیەک لە تەقینەوەکانی عێراق لە هەفتەکانی ڕابردوودا.

موقتەدا سەدر: بەدووری دەزانم ئیسرائیل بەرپرس بێت لە بۆردومانکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی



سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە بەدووری دەزانێت، ئیسرائیل بەرپرس بێت لە بۆردومانکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە نزیک سنووری عێراق لەگەڵ سووریا، هەروەها داوا دەکات ئەگەر بەسەرپەرشتی نێودەوڵەتیش بێت، بەپەلە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبارەیەوە بکرێت.

موقتەدا سەدر لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر کاردانەوەی نیشاندواوە سەبارەت بە هێرش و بۆردومانەکانی ئەم دواییانە بۆسەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی لە چەند ناوچەیەکی عێراق.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر نووسیویەتی: هیچ کات ئیسرائیلی دوژمن، بێ بەری ناکەم لەو کردەوە تیرۆریستییانەی کە لە عێراق ئەنجامی دەدات، بەڵام دڵنیام لەوەی کە ئیسرائیل هەنگاوێکی لەوشێوەیە نانێت (بۆردومانکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی)، ئەگەر ئیسرائیل هێرشەکانی سەر حەشدی شەعبی ئەنجام دابێت، ئەوا دەبێت بزانێت وەلامی ئەم هێرشانە دەبێتە بوومەلەرزە بۆسەر ئاسایش و هەژموونی ئیسرائیل، سەهیۆنییەکانیش دەزانن کۆتاییان چۆن دەبێت لە عێراق.

موقتەدا سەدر داوای لە حکوومەتی عێراق کرد کە بەپەلە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبارەی هێرش و بۆردومانەکانی سەر حەشدی شەعبی بکات، تەنانەت ئەگەر لێکۆڵینەوەکە بە سەرپەرشتی لایەنێکی نێودەوڵەتییش بێت.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر ئەوەشی گوتووە: هەرکات ئەوە یەکلایی بوویەوە کە ئیسرائیل ئەو هێرشانەی ئەنجامداوە، داوا لە سەرجەم لایەنەکان دەکەم لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە و دانیشتنێک ساز بکەن، بەڵام نابێت گەندەڵکاران و ئەوانەی ڕێککەوتنی ئەمنیان لەگەڵ ئەمەریکادا واژوو کردووە تیایدا بەشدار بن، بۆ ئەوەی بڕیارێک بدرێت کە لە میاندا عێراق و عێراقییەکان تیایدا نەبنە قوربانی.

موقتەدا سەدر بە پێویستی زانیوە، چەک تەنها لە دەستی دەوڵەتدا بێت و سەرجەم کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی ڕادەستی دەوڵەت بکرێن، بەپێچەوانەوە عێراق ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر جەختیکردووتەوە لەسەر پاراستنی سنورەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی سنوورەکانی لەگەڵ سووریا، داواشی کردووە سەرجەم گرووپە چەکدارانی عێراق لە سووریا، بکشێندرێنەوە. جێی باسە ئەم تویتەی موقتەدا سەدر دوای ئەوە دێت، بەم دواییانە لە چەند هێرشێکدا، چوار بارەگای حەشدی شەعبی لە چەند ناوچەیەکی عێراق کرانە ئامانج و تا ئێستا ئەو لایەنە ئاشکرا نەکراوە کە ئەو هێرشانەی ئەنجامداوە.

دەبێ چەک تەنها لە دەستی دەوڵەتدا بێت و سەرجەم کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی ڕادەستی دەوڵەت بکرێن

پێویستە سەرجەم گرووپە چەکدارەکانی عێراق لە سووریا بکشێندرێنەوە

عێراق.. گرووپێکی چەکدار هەڕەشەی بەئامانجکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات

گرووپی جوند ئیمام ئەلحوجە:

ڕاناوەستین تا دوا سەربازی ئەمەریکا لە عێراق دەرنەکەین

گرووپی "جوند ئیمام ئەلحوجە" ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکاتە ئامانج. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو مەرجەعی شیعە، کازم حائری کە لە ئێران نیشتەجێیە فتوایەکی دەرکرد و داوای کرد، هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکرێنە ئامانج. بەپێی گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە لە ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە ئەوە دەردەکەوێت ژمارەیەک چەکداری سەربە گرووپی "جوند ئیمام ئەلحوجە" لە میانی مەشق و ڕاهێنانداز لەسەر بەکارهێنانی مووشەکدا، سەرکردەی گرووپەکە ڕاگەیەندراوێک دەخوێنێتەوە. سەرکردەی گرووپی "جوند ئیمام ئەلحوجە" لە ڕاگەیەندراوەکدا دەڵێت "فتواکەی کازم حائری جێبەجێ دەکەین کە تایدا داوای کردووە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و بکرێنە ئامانج دەربکرێن، بۆیە ئێتر ڕێگە نادەین هێزەکانی ئەمەریکا دەستدرێژی بکەنە سەر گەل و هێزەکانی عێراق، ئەوان تەنها بە بردنی سامانی وڵاتمان نەوەستان تا ئەو کاتەی هێرشیانکردە سەر بارەگا سەربازییەکانمان و هەر وەک چۆن پێشتر لە عێراق دەرمانکردن، لەمەودا دەیان کەین بە ئامانج".

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا سەرکردەی گرووپی "جوند ئیمام ئەلحوجە" بەشێکی قسەکانی ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ دەکات و دەڵێت: بنکە سەربازیی و مەدەنییەکانی ئەمەریکا لە عێراق بوونەتە ئامانجی دیاریکراوی چەکدارەکانمان و ڕاناوەستین تا دوا سەربازی ئەمەریکا لە عێراق دەرنەکەین.

شایانی باسە بەم دواییانە لە ژمارەیەک هێرشدا، چوار بارەگای حەشدی شەعبی لە چەند ناوچەیەکی عێراق کرانە ئامانج و تا ئێستا ئەو لایەنە ئاشکرا نەکراوە کە ئەو هێرشانەی ئەنجامداوە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/8/28 ژمارە (5816)
خەبات

راگەیەندراوی کۆتایی لووتکەی G7: نابێت ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی

ئیمانوێل ماکرۆن: هەلومەرجمان رەخساندووە تاکو تەرمپ و روحانی کۆببنەوە و بگەنە رێککەوتن



سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن رایگەیاند، دەیەوێت لە هەفتەکانی داهاتوودا سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرمپ و سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی کۆببنەوە و گوتی: هەلومەرجەکانمان رەخساندووە تا کۆبوونەوەکە ئەنجامبدرێت و بگەنە رێککەوتن. ماکرۆن لە رۆژی سێیەم و کۆتایی کۆبوونەوەکانی لووتکەی G7 لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرمپ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی هاوبەشی سازدا. ماکرۆن رایگەیاند کە لە سەرەتای لووتکەکەوە چەندین چاوەڕوانی لەئارادابووە و سەرکردەکان هاوڕابوون و سالی داهاتوو ئەمەریکا سەرکردایەتیی لووتکەکە دەکات.

سەرکۆماری فەرەنسا ئاماژەی بەوەدا، لەسایەی ئەو کۆبوونەوەی رۆژی شەممە لە خوانی نیوەڕۆدا لەگەڵ تەرمپ ئەنجامیدا، مەودایەکی باشیان بڕیوە و گوتی: رێککەوتین لەسەر ئەوەی کە ئێران دەبێت بە ئەرکی و بەرپرسیارێتییەکانی لە رێککەوتنی ئەتۆمیدا هەڵبسێت. پێویستە ئێران هیچ کات نەبێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی و نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی ناوچەکە. ماکرۆن وەبیریهێنایەوە کە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف ئەنجامێکی نەبووە و تەنها گفتوگۆیان کردووە و رایگەیاند، دوێنێش پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵ روحانی ئەنجامداوە. لە میانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا روحانی رایگەیاندووە، ئەگەر بەرژەوەندیی گەلەکەی تێدابێت، ئامادەیە لەگەڵ هەر سەرکردەیەک کۆببێتەوە.

ماکرۆن گوتیشی: وەک بە روحانی و زەریفم گوتووە، ئەگەر روحانی قبوڵی بکات و لەگەڵ تەرمپ کۆببێتەوە، دەکرێت بگەنە رێککەوتنێک. دەمەوێت لە هەفتەکانی داهاتوودا کۆبوونەوەیەک لەنێوان روحانی و تەرمپدا ئەنجامبدرێت. سەرکۆماری فەرەنسا جەختیکردەوە لە گرنگیی ئەو کۆبوونەوەیە و گوتی، هەلومەرجەکانمان رەخساندووە تا کۆبوونەوەکە ئەنجامبدرێت و بگەنە رێککەوتن. دوای کۆتایی هاتنی لووتکەکەش راگەیەندراوی کۆتایی 45ـەمین لووتکەی G7 کە لە شاری بیاریتزی فەرەنسا بەڕێوەچوو، بڵاوکرایەوە و تێدا راگەیەندرا کە بۆ زوو چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە کارەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی بگۆڕدرێ.

لە راگەیەندراوی کۆتایی G7 دا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە نابێت ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە دەستەبەر بکرێت.

راشگەیەندرا کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئۆکراینا، هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و فەرەنسا لە چەند هەفتەی داهاتوودا لووتکەیەکی هاوشێوەی نۆرماندا ئەنجام دەدەن.

هەر لە راگەیەندراوەکەدا جەختیش لەوە کرایەوە کە وڵاتانی G7 پشتیوانی لە ئاگربەستی هەمیشەیی لە لیبیا دەکەن. راشگەیەندرا کە G7 ئاماژە بە گرنگی بەیاننامەی هاوبەشی بەریتانیا و چین کە لە ساڵی 1984 واژوو کراوە، دەکات و بانگهێشتی کۆتایهێنان بە تووندوتیژی دەکات.

فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، ژاپۆن وئیتاڵیا و کەنەدا بەڕێوەچوو، بڵاوکرایەوە و تێدا راگەیەندرا کە بۆ زوو چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە کارەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی بگۆڕدرێ.

لە راگەیەندراوی کۆتایی G7 دا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە نابێت ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە دەستەبەر بکرێت.

راشگەیەندرا کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئۆکراینا، هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و فەرەنسا لە چەند هەفتەی داهاتوودا لووتکەیەکی هاوشێوەی نۆرماندا ئەنجام دەدەن.

هەر لە راگەیەندراوەکەدا جەختیش لەوە کرایەوە کە وڵاتانی G7 پشتیوانی لە ئاگربەستی هەمیشەیی لە لیبیا دەکەن. راشگەیەندرا کە G7 ئاماژە بە گرنگی بەیاننامەی هاوبەشی بەریتانیا و چین کە لە ساڵی 1984 واژوو کراوە، دەکات و بانگهێشتی کۆتایهێنان بە تووندوتیژی دەکات.

چارەنووسی داواکارییەکەی تەرمپ بۆ نارەدنەوەی تیرۆریستانی داعش بۆ ئەورووپا نادیارە

لەکاتێکدا سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرمپ لێدوانەکانی لەبارەی نارەدنەوەی ئەندامانی داعش و خێزانەکانیان بۆ وڵاتانی ئەورووپا دووپاتدەکاتەوە و چۆنێتیی نارەدنەوەی 10 هەزار تیرۆریستیی بیانیی بەڕەگەز ئەورووپی جێگای تێڕامانە، بەرپرسانی ئەمەریکا لەبارەی ئەم پێشنیازە مەترسیدارەی تەرمپەوە بێدەنگن. تەرمپ 21ی ئاب لە لێدوانێکیدا رایگەیاندبوو کە ئەگەر ئەورووپا هاوولاتییانی خۆی کە چوونەتە ریزەکانی داعشەوە وەرنەگرێتەوە، "ئەمەریکا چارەیەکی دیکەی نامێنێت جگە لە نارەنەوەیان" و بەم جۆرە جارێکی دیکە چارەنووسی ئەو تیرۆریستانەی هێنایەوە نێو رۆژهەڵاتی سووریا کە بەرپرسانی ئەمەریکا لە کۆبوونەوەکانیاندا لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی داعش رایدەگەیەنن، ژمارەی ئەو تیرۆریستە بیانییانەی داعش کە لە سووریا دەستگیرکراون بە خێزانەکانیانەوە، نزیکەی 10 هەزار دەبن. بەشێک لەو کەسانە لە کێڵگەی نەوتی عومەر لە سنووری پارێزگای دێرازۆر رۆژهەڵاتی سووریا کە وەک بنکەی سەربازیی هێزەکانی ئەمەریکا لە بەکاردێت، لەگەڵ بەندیخانەکانی قامیشلۆ، حەسەکە، مالیکییە، تەبقە و رەققە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات بەندن.

گوتەبێژی پێنتاگۆن، سیان رۆبێرتسن لە لێدوانێکدا رایگەیاند کە ناتوانێت هیچ هەڵسەنگاندنێک بۆ لێدوانەکەی ترەمپ بکات و سەرچاوەکانی کۆشکی سپیش لەوبارەوە بێدەنگییان هەڵبژاردووە. جێی باسە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە 17ی شوباتی رابردوو رایگەیاندبوو، ئەگەر بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا هاوولاتییەکانیان وەرنەگرنەوە، جێگرەوەی ئەوە دەکرێت بژاردەی ئازادکردنیان بێت.



سەرۆکی بەڕازیل هاوکارییەکانی G7 بە مەبەستی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی ئەمازۆن ڕەتدەکاتەوە

سەرۆکی بەڕازیل، جایر بۆڵسۆنارۆ ئەو هاوکارییە 20 ملیۆن یورۆییەی وڵاتانی G7ی ڕەتکردەوە کە بڕیاربوو بە مەبەستی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی ئەمازۆن کە ماوەی نزیکەی سێ هەفتەیە بەردەوامە، پێشکەشی بکەن و بانگەشەی ئەوەی کرد کە سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن نیازی جۆراوجۆری لە پشت بیرۆکەی پێشکەشکردنی ئەم هاوکارییانە هەیە.

جایر بۆڵسۆنارۆ لە پەیامێکدا کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویکردووەتەوە، رایگەیاندووە: نە ڕێگە بە سەرۆکی وڵاتێک، ماکرۆن، دەدەین هێرشی بێ جێ و لەخۆڕا بکاتە سەر ئەمازۆن و نە ڕێگە بەوەیش دەدەین نیازی سەرەکییان لە پشت بیرۆکەی 'هاوپەیمانیی وڵاتانی G-7' لە پێناو 'ڕزگارکردن'ی ئامازۆن بشارنەوە، وەک ئەوەی خاکێکی بێخاوەن یان داگیرکراومان هەبێت. سەرۆکی بەڕازیل ئاماژەی بەوەیشکردووە لەگەڵ سەرۆکی کۆلۆمبیا، ئیڤان دیوک سەبارەت بە پلانێک بۆ پاراستنی سەروەریی و دەوڵەمەندیی سروشتیی کە زۆرینەی ئەو وڵاتانە کۆبکاتەوە کە لە ناوچەی ئەمازۆنداً هاوبەشن لە پێناو کوژاندنەوەی ئاگرەکە کە ماوەی دوو هەفتە زیاترە درێژەی هەیە، قسەیکردووە.

جایر بۆڵسۆنارۆ هەروەها بیرۆکەی پێشکەشکردنی بڕی 20 ملیۆن یورۆی وەک هاوکاریی لە لایەن وڵاتانی G7ـەوە بە مەبەستی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی ئەمازۆن، بە هۆی ئەوەی زیان بە سەروەریی وڵاتەکەی دەگەیەنێت، ڕەتکردەوە.

شایانی باسە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لەگەڵ سەرۆکی چیلی، سیباستیان پینێرا سازیکرد، سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن ئاشکرایکردبوو، وڵاتانی G7 بە مەبەستی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی ئەمازۆن، بڕیارانداوە بڕی 20 ملیۆن یورۆ پێشکەش بکەن. گرژییەکانی نێوان فەرەنسا و بەڕازیل هەفتەی رابردوو دوای بانگێشتی بەپەلەی ماکرۆن بۆ کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندامی G7 سەبارەت بە ئاگری دارستانەکانی ئەمازۆن هات، لەبەرامبەردا جایر بۆڵسۆنارۆ، ئیمانوێل ماکرۆنی بەوە تۆمەتبار کردبوو کە خاوەن عەقڵییەتێکی داگیرکەرانەیە.

هاوکات هەوادارێکی سەرۆکی بەڕازیل، جایر بۆڵسۆنارۆ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وێنەیەکی بریگت ماکرۆنی هاوسەری ئیمانوێل ماکرۆنی بڵاوکردبوویەوە و گاڵتەی بەڕووخسار و ڕووکەشی کردبوو، بۆڵسۆنارۆش بۆی نووسیبوو "کابرا بچووک مەکەنەوە، هاهاها" کە مەبەستی ماکرۆن بوو. لای خۆیەوە ماکرۆنیش کۆمێنتەکەی بۆڵسۆنارۆی بە "ئێجگار بێرێزانە" ناوبرد و ڕایگەیاندبوو "دەتوانم چی بڵێم؟ مایەی دڵتەنگیی زۆرە، بەڵام سەرەتا بۆ بۆڵسۆنارۆ و گەلی بەڕازیل مایەی دڵتەنگییە.

ئێران..

پارێزگاران ڕەخنە لە لێدوانێکی روحانی دەگرن



لێدوانی سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی لەبارەی نیشاندانی ئاماژەباشی بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا، کاردانەوەی میدیای سەربە پارێزگارانی بەدوای خۆیدا هێنا. ڕۆژنامەی جەوان نزیک لە سوپای پاسداران، هەواڵێکی پەیوەندیدار بە روحانی بە مانشێتی "دیپلۆماسی فۆتۆ گەشە بە ئێران نادات بەڕێز روحانی" بڵاوکردووەتەوە و تیایدا حەسەن روحانی کردووەتە ئامانج بە هۆی نیشاندانی ئامادەباشی بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ.

لە هەواڵەکەدا ئاماژە بە هەوڵەکانی سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن کراوە لەبارەی دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان روحانی و ترەمپ. هاوکات ڕەخنەی ئەوەیش گیراوە کە روحانی کۆبوونەوەکەی بە پرسی گەشەپێدانی ئێران بەستووەتەوە.

لە هەواڵەکەدا هاتووە: روحانی و ماکرۆن پەیام و وەڵامی پەیوەندیدار بە ئامادەبوونی مەرجەکانی کۆبوونەوە لەگەڵ ترەمپ و گەشەپێدانی ئێران بەم هۆیەوە بۆ یەکتر ناردووە. ترەمپیش بەڵێنی 'ئێرانێکی دەوڵەمەندی 'داوە، بەڵام ڕاشیگەیاندووە کە ئەمەریکا هیچ شتێک بە ئێران نادات. روحانییش ئەم کۆبوونەوەی بە پرسی گەشەپێدانی ئێران بەستووەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئاژانسی هەواڵیی میهری نیمچە فەرمی لەبارەی ئەگەری کۆبوونەوەی روحانی و ترەمپ بڵاویکردەوە کە ڕێبەری ئایینی، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی چوار مانگ بەرلە ئێستا بەتەواوی دژایەتی خۆی بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ نیشاندەری ترەمپ دووپاتکردبوویەوە. جێی باسە ڕۆژی دووشەمە سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی لە لێدوانێکیدا لەبارەی ئەگەری دانوستان لەگەڵ ترەمپ ڕایگەیاندبوو: ئەگەر بزانم بە کۆبوونەودم لەگەڵ کەسێک کێشەکانی وڵات چارەسەر دەبێت و گەشە بە ئێران دەدرێت ئەوا هیچ دوودڵ نابم لە کۆبوونەوە.

ئێران لە پێشانگایەکی نێودەوڵەتیدا مووشەکێکی نوێی ناساند

مووشەکە تازەکە بەناوی موبینە و توانای بڕینی 450 کیلۆمەتر وشکانیی هەیە

ئاژانسی هەواڵیی تەسنیم بڵاویکردەوە، مووشەکەکە لە ئێران دروستکراوە و ناوی "موبین"ـە و بۆ یەکەمجار لە پێشانگای نێودەوڵەتیی MAKS-2019ی بواری فڕۆکەوانی و گەردوونناسی لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا نمایشکراوە.

مووشەکە ئێرانییەکە توانای بڕینی 450 کیلۆمەتری هەیە و کێشەکەی 670 کیلۆگرامە. هەروەها مووشەکەکە خێرایەکەی دەگاتە 900 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا و دەتوانێت 45 هەزار پێ بەرزبێتەوە و تایبەتمەندیی نزیک نەبوونەوە لە ڕادارەکانی هەیە.

ئەم مووشەکە باڵیستییە کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمی و بایۆلۆجیی هەیە و دەتوانێت بگاتە چەندین ناوچەی ئەورووپا، ئاسیا و ئەفریقا، هەروەها توانای پێکانی ئامانجەکانی هەیە لە بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهەڕەشە دەبینرێت بۆسەر وڵاتانی ناوچەکە و بەرلە هەمووبان ئیسرائیل.

حکوومەتی تاران ماوەی نزیکەی 30 ساڵە بەهاوکاری و پشتگیریی ڕووسیا و کۆریای باکوور، بەرنامەی مووشەکیی خۆی بەرەوپێش دەبات و خاوەن چەندین مووشەکی باڵیستییە بەناوەکانی شەهاب، سجیل، قەدر، قیام، عاشورا و خوڕەمشەهر کە توانای بڕینی مەودای 300 بۆ سێ هەزار کیلۆمەتریان هەیە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لەبارەی تازەکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمییەوە گرنگیی زۆری پێ دەدات، ئەو مووشەکانەیە کە ئێران خاوەندارێتیی دەکات.

ئێرانیش نایەوێت مووشەکانی یەکاتە بابەتی دانوستان و مشتومڕ کە لە ئەنجامی ئەزموونی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران-عێراق بەدەستی هێناوە.



هێدی خۆشناوی هونەرمەند گورچیلەیەکی خۆی بێ بەرانبەر دەبەخشێت

هونەرمەندی میللیی شاری هەولێر هێدی خۆشناو گورچیلەیەکی خۆی بێ بەرامبەر دەبەخشێتە هەر کەسێک پێویستی پێ بێت.

لەو بارەیەوە، هونەرمەندی لاو هێدی خۆشناو بە میدیاکانی ڕاگەیاند: "وەک ئەرکێکی مرۆیی و لە پێناو رزگارکردنی ژیانی کەسێکی دیکەدا، ئامادەم گورچیلەیەکی خۆم ببەخشم هەر نەخۆشێک کە پێویستی پێ بێت جا لە هەر شارێکی کوردستان بێت.

دەشڵێت: "دڵنیام خەڵکێکی زۆر پێویستی بە گۆڕینی گورچیلە هەیە و لەبەر خراپیی باری دارایی و نەبوونی پارە ناتوانن گورچیلەیان بگۆڕن و ژیانیان لە مەترسیدایە، بۆیە گورچیلەکەم بۆ هەر کەسێک گونجاو بێت، بێ بەرانبەر پێی دەبەخشم، بۆ پەیوەندیکردنیش هاوواڵتیان دەتوانن پەیوەندی بەو 2 ژمارەیەوە بکەن:

07507658201 یا 07518532887

تێبینی: هەردوو ژمارەکە هی (هێدی خۆشناو)ـن.

زیاتر لە 26 هەزار پارچە زەوی کارت تاپۆ دەکرێن

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

ئەندازیار سامان محەمەد بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: بڕیار وایە لە سنوری شارەوانی هەولێرو لە دوو ناوچە زیاتر لە 26 هەزار پارچە زەوی کارت تاپۆ بکرێت ئەوانیش ئەو زەویانەن کە ماون و زەوی کارتن تاپۆ نەکراون وەک باغلو مناڕە 22 هەزار زەوی کارتە بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ فەرمانگەی تاپۆو فەرماندەی کشتوکاڵ لەسەر هێڵین تا بەزووترین کات کێشەکان چارەسەر بکەین و تاپۆی بۆ بکرێت. سەبارەت بە زەوی باغلو مناڕە، سامان محەمەد لەشارەوانی هەموو کارەکانی تەواو کراوەو کێشەکە ئەوەیە زەویەکان لەسەر ناوی کشتوکاڵ و داڕۆیی ماوە دەبێ بێتەوە سەرناوی شارەوانی ئینجا تاپۆ دەکرێت و لەئێستادا خەریکین دەیخەینە سەر ناوی شارەوانی و لەماوەی 3-4 مانگی دیکە کێشەکە چارەسەر دەبێت و تەواو دەبێت.

هەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئەندازیار سامان بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر گووتی: ئەو زەویانەی کە دراونەتە قەرەبووی ئەو کەسانەی کە پێشوو تر خانووی کۆریان بۆ دەرچووەو تاپۆ دەکرێن و زەویەکان ئیفراز کراون و نەخشەی پەسەند کراویان هەیەو نووسراومان بۆ کشتوکاڵ کردووە تا بخرێتە سەر ناوی شارەوانی و کارەکانیان کێشەی نییە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو زەویانەش تاپۆ دەکرێن بەسەر خاوەنەکانیان. هەروەها گوتی: ئەو زەویانەی کە قەرەبووی گوندی کۆرین و ژمارەیان4 هەزار و 300 کەسە مامەڵەکردن پێیان قەدەغەیەو هەر کەسێک مامەڵەی پێوە بکات لەلای ئێمە هەر لەسەر ئەو ناوانە دەمێننەوە کە وەریانگرتووەو ئومێد هەیە دوای دوو مانگی دیکە تاپۆیان دەربچێت. سەبارەت بە خزمەتگوزاری بۆ ئەم زەویانە، ناوبراو گوتی: گەیاندنی خزمەتگوزاریش بۆ ئەو زەویانە لەنەخشەو پلانی شارەوانییە و هەنگاو بە هەنگاو کاری لەسەر دەکرێت.



بارەگای هێزی خەبات لە شێخان کرایەوە

خەبات ـ ئالان شەهاب: لە ڕێورەسمێکدا دا بە بەشداری بەرپرسی لقی بیستی شێخان و بەرپرسی دەزگای ئەیلول و گولان و فەرماندەکانی پێشمەرگەی کوردستان و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و گولان بە بڕیاری سەرۆک بارزانی بارەگای هێزی خەبات لە شێخان کە سەر بە فەرماندەی خەباتە لە سەنتەری شێخان دا کرایەوە. حسێن عەبۆ: بەرپرسی بارەگای هێزی خەبات لە شێخان بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: کردنەوەی بارەگای هێزی خەبات لە شێخان بە بڕیاری جەنابێ سەرۆک مەسعود بارزانی بوو کە لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستانی بارەگای هێزا خەبات بکرێتەوە. مەبەست لە کردنەوەی ئەم بارەگایانە ئەوەیە کە هەموو پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و گولان تێدا جێگای خۆیان بکەنەوە وەک ڕێزگرتنێک بۆ خەبات و قوربانی دانی ئەو پێشمەرگانە و لە ئێستاش دا ئەو پێشمەرکانە ئامادەن بۆ پاریزگاری کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان.



بەرپرسێ لقا ئێک و سەرۆکێ دادگەها تێهەلچونا پاریزگەها دهۆکێ بەحسێ گیروگرفتێن پاریزگەها دهۆکێ دکەن



چاکسازیی تەواو لە ناوی مووچەخۆران دەکرێت و دوو مووچەیی نامێنێت



سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆژیا و زانیاریی ئەنجومەنی وەزیران دەڵێت، هەموو ئامادەکارییەک بۆ ئەنجامدانی قۆناغی دووەمی پرۆسەی بایۆمەتری کراوە و تەنیا ماوە سەرۆکوەزیران فەرمان بدات و دەست پێ بکەن، کە لەم قۆناغەدا چاکسازیی تەواو لە ناوی مووچەخۆران دەکرێت و دوو مووچەیی نامێنێت. سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆژیا و زانیاریی ئەنجومەنی وەزیران، هیوا ئەفەندی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئامادەکاریی تەواو بۆ ئەنجامدانی قۆناغی دووەمی پرۆسەی بایۆمەتری لە هەرێمی کوردستان کراوە و ئێستاش چاوەڕێی فەرمانی سەرۆکوەزیرانین بۆ ئەوەی فەرمان بکات و ئێمەش دەست بە پرۆسەکە بکەین، چونکە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە پێویستی بە فەرمانی سەرۆکوەزیران هەیە. هیوا ئەفەندی گوتی: لە قۆناغی دووەمی پرۆسەی بایۆمەتریدا ژمێریاریەکان دەبنە ئەلکترۆنی و ئەو داتابەیسەی هەیە پێویستە بەکاری بهێنیەوە بۆ ئەوەی بزانی ناوی دووبارە کێن، بۆیە ئەو ناوانەی لە قۆناغی یەکەم وەرگیراون لە قۆناغی دووەم بڕیاریان لێ دەدرێت، بۆیە کۆمەڵێک چاکسازی لە خۆی دەگرێت، وەکو ئەوانەی دوو مووچەیان هەیە و نایاسایییە و ئەوانەی بە نایاسایی خانەنشین کراون و چەند خاڵێکی دیکەش. باسی لەوەش کرد: ئەو خزمەتگوزاریانەش لەخۆ دەگرێت کە چیتر وەرەقە بەکارناهێندرێت و هەمووی دەبێتە ئەلکترۆنی و دووەم میلاکاتیش دەبێتە ئەلکترۆنی و گواستنەوەی ڕاژەش دەبێتە ئەلیکترۆنی.

ئاگرێکی گەورە لە دارستانەکانی چۆمان کەوتەوە

ئێوارەی دوێنێ سێشەمە ئاگرێکی گەورە لە دارستانەکانی چۆمان کەوتەوە و تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە کۆنترۆڵ نەکراوە. هاوواڵتیانی چۆمان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا وێنەی ئاگرەکەیان بڵاوکردووەتەوە، کە ناوچەیەکی گەشتیاری لە گوندی پاشکەلەکی سەر بە قەزای چۆمانی گرتووەتەوە. ئاگرەکە بە خێرایی بە دارستاندا بڵاوەدەبێتەوە و ناوچەیەکی عاسێیی گرتووەتەوە، بەم هۆیەوە پێدەچێ کۆنترۆڵکردنی ئاسان نەبێت، هاوواڵتیانی دەڤەرەکەش جگە لە نیگەرانی خۆیان، لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا ناوچەکەیان بە ئەمەزۆنی کوردستان وەسف کردووە، ئەمەش بە هۆی چڕی دارستانەکانی ئەو سنوورە.



ئامێری GPS بۆ ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی دادەنرێت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی بڵاوی کردەوە کە بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروبارەکانی بەشی ئامێرەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامێری GPS بۆ سەرجەم ئۆتۆمبێلەکان دادەنرێت.

ڕاشیدەگەیەنن، لە ڕێگەی پرۆژەکە بەووردی چاودێری جۆلەی ئۆتۆبێلەکان و ئاراستەی ڕۆیشتن و خێرایی و کاتی دەرچوون و هاتنەوەی دیاری دەکرێت. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی دەشڵێت، لە ڕێگەی ئەو ئامێرەوە دەتوانرێت ئاراستەنەی ئۆتۆمبیلەکە دیاری بکرێت و لە کاتی گۆڕینی ئاراستەکەی ئاگادارت دەکاتەوە، لەگەڵ بۆنی چەندین تایبەتمەندی دیکە.

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

لە ڕیفۆرمی خوێندنی باڵا، زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان پشکی شێریان بەردەکەوێت

بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری پێشوازی لە جێگری کونسوڵی وڵاتی چین کرد

ڕۆژی سێشەمە2019/8/27 لەدیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، د.سالار عوسمان بریکاری وەزارەت پێشوازی لە جێگری کونسوڵی کۆماری چین و شاندی یاوەری کرد، لەدیدارەکەدا کە نامق هەورامی بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەت و ئەڤین بەهجەت بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەت ئامادە بوون.

سەرەتا بریکاری وەزارەت بەخێرهاتنی وانگ خوهۆنگ جێگری کونسوڵی چین ی کردو هیوای سەرکەوتنی بۆخواست، دواتر وانگ خۆهۆنگ سوپاسی ئەو پێشوازیەی کردو بەگرنگییەوە باسی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی کرد، هیوای خواست لەسێکتەرەی ڕۆشنبیری و لاواندا زیاتر پەرە بەپەیوەندییەکان بدرێت وەک تەواوی سێکتەرەکانی دیکە لەنێوان هەردوو گەلدا. بریکاری وەزارەت پشتیوانی وەزارەتی بۆ کارو پرۆژەی هاوبەش نیشاندا و هیوای خواست پەیوەندییە کلتوورییەکانی نێوان گەلی کوردستان و چین زیاتر گەشە بسەنن. لەکۆتایی دیدارەکەدا جێگری کونسوڵی چین دیاری کونسوڵخانەکەی پێشکەش بەبریکاری وەزارەت کرد ، کەئمونەی کارێکی دەستی ولاتی چین بوو، لای خۆیەوە بەڕێز د. سالار عوسمان سوپاسی بەڕێز وانگ و کونسوڵخانەی چین ی کرد.





www.xebat.net
چوارشەممە 2019/8/28 ژمارە (5816) | خەبات

ئاستی زانستیی و مەعریفی زانکۆ لە بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی «خەبات» دا

مامۆستا و قوتابیانی زانکۆ قسەی جیاوازیان هەیە

مامۆستایەک: نەبوونی ئامانجی دیاریکراو، گرفتی هەرە گەورەی هەوڵنەدانی قوتابی و خوێندکارانی زانکۆیە

قوتابییەک: پێویستە سیستەمی خوێندن هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگاکەمان بێت، نەک لاساییکردنەوەی وڵاتانی دیکە



2-1

بەدواداچوون: سومەییە کاوێز

زانکۆ ئەو شوێنەیە کە نەوەکانی داهاتووی وڵات تیایدا فێری زانست دەبن و بە جیهانی پێشکەوتن و زانست و شارستانیەت ئاشناو هۆشیار دەبنەوە. ئەگەر بمانەوێت وڵات پێشبکەوێت و نەوەیەکی هۆشیارمان هەبێ، دەبێت هەوڵی بەرەو پێش بردنی سیستەمی خوێندن بدەین لە هەموو قۆناغەکانەوە، بەڵام ئایا ئاست و کوالێتی زانکۆکانی ئێمە بەو شێوەیەیە کە قوتابی و خوێندکاری داهێنەر و پێگەیشتوو دروست بکات؟ ئەی ئاستی قوتابی لەرووی زانستییەوە تا چەندە؟ کێشەکانی زانکۆ چین و چارەسەری ئەو کێشانە چین؟ لەم بەدواداچوونەدا وەڵامی ئەو پرسیارە گشتییانە لە قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆ وەردەگرینەوە:

د . هێمن مامۆستای زانکۆی سلێمانی دەڵێت: ئاستی قوتابی خوێندکاران لە ئاستی پێداویستی کۆمەڵگادا نییە، تا ئەو خوێندکارانەی دەبنە دەرچووی زانکۆ لە پسپۆرییە ئەکادیمیەکەی خۆیاندا کادیری مامناوەندی کۆمەڵگایان لێ بەرهەم بێت، ناتوانین بڵێین گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی پشتی پێ ببەسترێت، ئەوەش پەیوەندی نییە بەوەی کە ئەم دەرچووە ئەزموونی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئاستی ئەو زانیاریانەوە هەیە کە خوێندکار وەریگرتووە لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاردا خوێندکار گەیشتوەتە ئەو باوەڕەی کە پێویست ناکات هەوڵ بدات . سیستەمی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار لە زانکۆکان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە توانای خوێندکاران دەکوژن، چونکە تەنها گرنگی بەوە دەدرێت کە لە پۆلی دوازدەدا نمرەیەکی بەرز بهێنێت، واتا کەسێکی زیرەکە و ئەگەر نمرەیەکی بەرزی نەهێنا ئەوا کەسێکی تەنبەڵە، لەراستیشدا لەوانەیە ئەو کەسەی لە پۆلی دوازدە نمرە نەهێنێت کەسێکی زۆر داهێنەر و لێهاتوو و بیرکەرەوەش بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پۆلی دوازدە نمرەی نەهێناوە لە شوێنێک دای ئەنێین کە بە دڵی خۆی نییە، هەروەها نەبوونی ئامانجی دیاریکراو، گرفتی هەرە گەورەی هەوڵنەدانی قوتابی و خوێندکارانی زانکۆیە، چونکە کۆلێژەکان هەریەکەو بایەخی خۆی هەیە بەتایبەتی کۆلێژە زانستییەکان کە بڕوانامەکەیان نێو دەوڵەتییە. سیستەمی بەرهەمهێنانی دەرچوو یان ئەکادیمیست بەو شێوەیە نییە کە کەسێک بەرهەم بهێنێت بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرێت، ئەم سیستەمەش درێژکراوەی سەد ساڵ لەمەوپێشی سیستەمێکی ئیکسپایەربوونی پەروەردەو فێرکردنە. بەڕای من سیستەمی پڕۆنیا ئیجابیترە لەو سیستەمەی کە هەیەو تیایدا زیاتر حەزی خوێندکار بۆ وانەکە هەژمار ئەکرێت، بەشێکیش لە مامۆستایانی زانکۆ ئاستی زانستییان باش نییە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستی حزبایەتی کە پێوەری حزب پلەی یەکەمی هەیە و پێوەری ئەکادیمی بوون پلەی دووەمی هەیە بۆ دامەزراندنی مامۆستا، هەروەهاش بودجەی زانکۆ سنووردار کراوە، کە لە وڵاتانی جیهاندا دامەزراوەی زانکۆکان سەربەخۆن و دانانی دەزگایەکی چاودێری و ورد بەسەر لایەنی ئەکادیمی و دارایی لە زانکۆکاندا یەکێکە لە چارەسەرەکان و پێویستیشە دانانی پرۆستە کارگێڕییەکانی ناو زانکۆکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و زانستی بێت، نەک لە ڕێگەی حزبەوە .

دارا سالار قوتابی کۆلێژی ئەندازیاری کارەبا لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت: بەڕای من زانکۆ بەهیچ جۆرێک نەیتوانیوە نەوەیەکی تێگەیشتوو بەرهەم بهێنێت و ئەو مێشکە چەقبەستووە لەلای زۆربەی زۆری قوتابیان بکاتەوە، کە پێشتر هەبووە. دەشتوانین ئاستی قوتابی بکەینە دوو بەش، بەشێکیان تەنها بیر لە دەرچون دەکاتەوە و دەیەوێت بەس ئەوەندە شت بزانێت کە لەتاقی کردنەوەدا دەربچێت، بەشەکەی دیکەش جیا لە مەنهەجی زانکۆ خۆی بەدوای زانیاریدا دەگەڕێت، کە ئەوانە ڕێژەیان کەمەو خراپی باری ئابووری و دانەمەزراندنی قوتابیانی ساڵانی پێشوو وایکردووە جۆرێک لە نائومێدیان پێوە دیار بێت و باشترین چارەسەریش گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی خوێندنی ساڵانی 2010 - 2011و نەهێشتنی بڕیاری پەرینەوە (عبور) و پێدانی نمرە، چونکە ئەم بڕیارە وای لە قوتابیان کردووە لەو وانانەی کە باش نین پشتگوێی بخەن و بیکەنە عبور.

کۆژین جەبار قوتابی کۆلێژی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت: لەڕووی زانستییەوە ئاستی زانکۆی سلێمانی بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیووە، ڕاستە لە ڕووی ناو یەکەمە، بەڵام بەداخەوە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یەکێکە لەو زانکۆیانەی کە بەشێکی زۆر کەمی قوتابی و خوێندکارەکانی ئاستی زانستییان بەرزە. لە ڕاستیدا زۆر کێشە هەن لەوانەش: بااڵدەستی حزب و واستەکاری کە چینێکی زۆری قوتابیان تێیدا زەرەرمەندن. هەروەهاش نەبوونی تەکنۆلۆژیا و پێداویستی بەردەست بۆ کۆمەڵە وانەیەک کە قوتابی ناچار دەکات دەرسی کرداری (عەمەلی) بە تیۆری (نەزەری) بخوێنێت. بۆ چارەسەری ئەم کێشانەش پێویستە لیژنەی تایبەت پێک بهێندریت و چاودێری بکات بۆ هەر کەموکوڕییەک.

ئااڵ بایز قوتابی بەشی زانستەکان لە زانکۆی چەرمۆ دەڵێت: ئاستی زانستی قوتابیانی زانکۆ تا ڕادەیەکی کەم باشەو بە دڵنیاییەوە زانکۆ ڕۆڵی هەیە لە پێگەیاندنی قوتابیدا، بەڵام وەکو پێویست نا. نەبوونی کات و شوێنی گونجاو، نەبوونی هەڵی کاریش لە داهاتوودا بەشێکن لەو کێشانەی کە وای کردووە قوتابی لە خوێندن سارد بێت. بەڕای من سیستەمی پڕۆنیا سیستەمێکی باشە بۆ چارەسەری کێشەکان کە لە زانکۆکەی من (زانکۆی چەرمۆ) پەیڕەو دەکرێت، هەرچەندە ئەویش هەندێک کێشەی هەیە، بەڵام بەگشتی لەم سیستەمەی ئێستا باشترە.

سومەیە حەمید قوتابی پەیمانگای پەرستاری لە سلێمانی دەڵێت: بەڕای من ئاستی زانستی قوتابی و خوێندکاران هیچ باش نییە. کە بێ هیوایی خوێندکار دەسەاڵت و مامۆستای زانکۆ و ژینگەی زانکۆ هەوڵی نەداوە ئاستی زانستی پێش بکەوێت. زانکۆش نەیتوانیوە نەوەیەکی هۆشیار بەرهەم بهێنێت، زۆرێک لە مامۆستا و کاربەدەستانی زانکۆ بە واستە دانراون و وەک پێویست نین. بۆ چارەسەریش پێویستە سیستەمی خوێندنی ئەم هەرێمە هەڵقوڵاوی نێو خودی کۆمەڵگاکەمان بێت نەک تەقلیدی وڵاتانی بێگانەو کۆپی پەیستکردنی سیستمی وڵاتان بەسەر قوتابی و خوێندکاردا.

هاوسەر وەهاب قوتابی کۆلێژی پەروەردە، بەشی فیزیا لە زانکۆی چەرمۆ دەڵێت: بەڕای من ئاستی زانستی و بەدواداچوونی خوێندکاری زانکۆ لە ئاستێکی نزمدایە، بەڵام دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەک زانکۆ توانیویەتی نەوەیەکی هۆشیار دروست بکات، هەرچەندە دانەمەزراندن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وایکردووە قوتابی ساردبێتەوە. پێشنیاری من ئەوەیە بابەتی فێربوون لە زانکۆدا بگۆڕدرێت و تەنها هەوڵدان بۆ دەرچوون نەبێت و زیاتر گرنگی بە وانە پراکتیکییەکان بدرێت.

لاڤە خالید خوێندکاری کۆلێژی پەرستاری زانکۆی سلێمانی دەڵێت: ئاستی خوێندکار بەڕای من بەپێی کەسەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە کەسی وا هەیە لە بەشێکی بەرزبێت ئەگەر خۆی هەوڵنەدان سەرکەوتوو نابێت. قوتابیش هەیە لە بەشێکی بەرز نییە، بەڵام کەسێکی سەرکەوتووە لە بەشەکەی خۆیدا. بەشێوەیەکی گشتی زانکۆ قوتابی تەنبەڵ دەکات، بەتایبەتی ئەم سیستەمەی ئێستا وات لێناکات کە خۆت هەوڵ بدەیت، ئاسانکاری زۆر کراوەو هەموو مەنهەجەکە خراوەتە بەردەستمان، ڕۆژێک پێیان نەگوتووین بڕۆن خۆتان بە دوایدا بگەڕێن. زانکۆ کاریگەری زۆرە لەسەر کەسایەتی خوێندکار، چونکە وات لێدەکات شارەزای کەسانی جیاواز بیت، یەکێک لە کێشەکانی ئێمە ئەوەیە تا ئێستا تاقیگەیەکی تایبەت بە خۆمانمان نییە، ئەوەندەی لە وانە پراکتیکییەکان فێردەبین ئەوەندە وانە تیۆرییەکان سوودیان نییە، لە نەخۆشخانەش سوپەرڤایزەرێکی باشم نییە تا یارمەتیم بدات و فێربم، بەڕای من چارەسەر ئەوەیە کە بۆ تێگەیشتن زیاتر گرنگی بە وانە پراکتیکییەکان بدرێت و دابینکردنی پێداویستیەکانی تاقیگە گرنگی پێبدرێت.



پەرلەمانتار سەوسەن محەمەد میرخان:

پێویستە ئافرەت و پیاو تەواوکاری یەکتری بن و هاوکار و هەماهەنگ بن

ئا: دیار سالار بەگ

سەوسەن محەمەد میرخان یەکێکە لە ئافرەتە بە ئەزموون و بە تواناکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی، لەخانەوادەیەکی نیشتیمانپەروەر چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، مرۆڤێکی بەهەڵوێستە و سەرجەم تەمەنی لە پێناوی خەبات و تێکۆشاندا بەختکردووە. خاوەنی سێ برای شەهید و باوکێکی ئەنفالە، وەک کچە شەهیدێک لە پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی لێژنەی شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدە و زیندانیانی سیاسییە. لەم دیمانەی رۆژنامەی خەباتدا خاتوو سەوسەن وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە.


سەوسەن محەمەد میرخان

*** جەنابت ئەزموونی کارکردنت لەچەند بواری جیاواز هەیە؟ باسی چۆنێتی دەستپێکی کاری سیاسیت بکە؟**

- بە تێپەڕبوونی کات وقۆناغەکانی تەمەنم بەچەندین ئەزموونی کارکردنداً تێپەڕبووم، بۆمونە لەتەمەنی ١٠ ساڵییەوە بە هۆی واقعی بنەماڵەکەمان و ئاوارەیی تێکەڵی کاری سیاسی بووم، سەرەتاش وەک یەکەم وێستگەی ژیانی سیاسیم لە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەستپێکرد، دواتریش لە زۆربەی ئۆرگانە جیاوازەکاندا کارم کردووە لەوانە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی وەک ئافرەتێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تایبەتن بە داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان کارمکردووە.

بێگومان وێستگەیەکی گرنگی تری ژیانی سیاسیم لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە لە ساڵی 1994 وەکو کادیر لە مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن دەستم بەکارکردن کرد. دواتر لەساڵی 2004 بووم بەئەندامی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، دواتر لەساڵی 2005 بووم بە ئەندامی دەزگای گشتی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە یەک کاتدا لە هەر دوو ئۆرگان کارم کردووە و بەرپرسیاریەتی جیاوازم وەرگرتووە. دەمەوێت بڵێم لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە پێویست بووبێت کار بکەم بە بێ دوودڵی کاری خۆم کردووە و هەوڵمداوە خزمەتێک بە ئافرەتانی کۆمەڵگەکەم و وڵاتەکەم بکەم.

*** پێتوایە تا چەند ئافرەت دەتوانێت ڕۆڵێکی کارای لە پێشخستنی سیستەمی سیاسی وڵاتدا بگێڕێت؟ پێگەی ئافرەتانی کوردستان لە نێو سێکتەری سیاسی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بێگومان ئافرەتانی کورد بە درێژایی میژوو ئەزموونی سەرکەوتوویان لە کارکردن نیشان داوە هەمیشە ڕۆڵ و پێگەیەکی بەهێزیان لە بەشداری کردنیان لە سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردن هەبووە. شانبەشانی پیاوان بەشداری کارایان لە سەرجەم سێکتەرە هەستیارە جیاوازەکاندا وەک سێکتەری سیاسی کردووە. ئافرەتانی کورد لە زۆربەی کاتەکاندا لە پێشەوەی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بوون. هەر لە سەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتیدا ئافرەتی کورد ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە تا ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، ئافرەتان بەشداری کارایان لە یەکەم کابینەی حکومەت و یەکەمین پەرلەمانی کوردستان کرد، دەکرێت بڵێین ئافرەتانی کورد توانیویانە لەماوەی ٢٨ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو کایەکانی بەڕێوەبردن و ناوەندەکانی بڕیاردان ڕۆڵی کارایان هەبێت.

*** جەنابت بەهۆی ئەزموونی کارکردنی بەردەوام لەچەندین بواری جیاوازدا و بەتایبەتی بواری کاری ڕێکخراوەییدا بوون، پێتوایە ئافرەتانی کورد چەندە لە کاری ڕێکخراوەیی سەرکەوتوون؟**

- لەهەرێمی کوردستان چەندین ڕێکخراوی ئافرەتان بوونیان هەیە، بەڵام وەکو پێویست چالاک نین، پێویستە زیاتر لە دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان و بە کەڵتورکردنی ئەو مافانە لە نێو سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان ببینن.

بێگومان سەبارەت بەسەرکەوتنی ئافرەت لەکاری ڕێکخراوەیی زیاتر پەیوەستە بە توانا و هێز و ئیرادە و بوێری و دەستپێشخەری و بڕوابەخۆبوون ڕۆڵی سەرەکی لە سەرکەوتنی پرۆسەی کاری ڕێکخراوەیی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەگێرن. لەوانەش گرنگتر تێگەیشتن و ئاستی بیرکردنەوەی ئافرەت سەبارەت بە مافەکانیان و لە ناسینەوەی مافەکانیان و بە یاسایی کردنی ئەو مافانەیە، چونکە تا ئافرەت لە ڕووی یاساییەوە شارەزا بێت ئەوا دەتوانێت زۆر هەنگاوی جیدی بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی بنێت.

*** پێتوایە سیستەمی نوێی جیهان تا چەند بوار بە ئافرەتان دەدات کار لەسەر بەرەوپێشچونی تواناکانیان بکەن؟**

- سیستەمی جیهانی نەک هەر بۆ ئافرەتان بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی کاریگەری ئێجگار زۆری دروستکردووە، بە شێوەیەک دەرکەوتەکانی بە تەواوەتی دوای چەندین ساڵێتر لەلایەن پسپۆڕانەوە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و دەردەکەوێت، بێگومان ئەو تەوژمە جیهانییە کە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی پەیوەندییەکان سەریهەڵداوە ئافرەتانی کوردستان لێی بێبەش نەبوون، ڕاستە دیسان وەکو پێویست نییە و هێشتا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانە، بەڵام ئەو نزیکبوونەوەیە لە نێوان کەلتورە جیاوازەکانی وڵاتان کاریگەرییان خستۆتە سەر ئافرەتانی کوردستان و جیهان بینیان فراوانتر بووە. لە ئێستادا چەندین ئایکۆنی جیهانی و ئافرەتانی سەرکردە هەیە و بوونەتە سەرمەشقی نیشاندانی هێز و توانای ئافرەت کە ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەوەی ئەگەر بوار بڕەخسێت ڕەنگە بتوانن لە پیاوان باشتر جیهان بەڕێوەببەن، بۆیە دەتوانین بڵێین لە سیستەمی نوێی جیهاندا زیاتر ڕۆڵ و توانای ئافرەت دەردەکەوێت و گرنگی بە تواناکانیان دەدرێت.

*** ئایا ئافرەتان تاچەند لە پیاوان سەرکەوتووترن لە پێشخستنی کەرتی ئابووریدا؟**

بێگومان سێکتەری ئابووری یەکێکە لە سێکتەر گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و لە سیستەمی نوێی جیهانیشدا ئابووری پایەیەکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە و یەکێکە لە پیوەرەکانی پێشکەوتنی وڵات. بەهەمان شێوەش کەرتی ئابووری کەرتێکی هەستیار و بۆ ئافرەتان گرنگە و کاریگەرییەکی زۆر گرنگ لەسەر ژیانیان بەجێدەهێڵێت. ئەگەر بەشێوەیەکی لۆژیکی تەماشای ئافرەت لەنێو پرۆسەی ئابووریدا بکەین، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە خودی ئافرەت سروشتێکی دایکایەتی هەیە، ئەم سروشت وایلێدەکات بەدوای نان و سەقامگیریدا بگەڕێت بۆ منداڵەکانی بۆ ئەمە ئامادەی کارکردن و دروستکردنی ژیانێکی شەرەفمەندانەیە، لەم سۆنگەیەوە ئافرەتان لە بواری ئابووریدا ڕۆڵ و پێگەی بەهێزیان هەیە کە ئەمە بە مانای ئەوە نایەت ئەرکی پیاوان لەبەرچاو نەگیرێت. بە بڕوای من پێویستە ئافرەت و پیاو تەواوکاری یەکتری بن و هاوکار و هەماهەنگ بن، بەڵام ئەگەر ئافرەتان بواری ئابووریان بۆ بڕەخسێت بێگومان داهێنان دەکەن، تاڕادەیەکی زۆریش دەتوانن لەبەڕێوەبردنی پرسەکانی پەیوەست بەئابووری سەرکەوتووبن.

بۆ ئارامی خێزان بە سەرنجەوە گوێ لەیەکتر بگرن



نەسرین حەسەن

زۆر بە سەرنجەوە سەیری ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی تۆندوتیژی دژ بە ئافرەتانم دەکرد کە تایبەتە بوو بە خستنە ڕووی ئامارەکانی تۆندووتیژی دژ بە ئافرەتان لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2019 لە هەرێمی کوردستان، کاتێک بەڕاوردێکم لەگەڵ ساڵی ڕابردوو کرد ، بینیم تۆندوتیژییەکان بەڕاورد بە ساڵی ڕابردوو کەمیکردووە،کە ئەمەش جێگە دڵخۆشی بوو.

هەر چەندە ئامارەکان دەریانخستبوو کە ڕێژەی تۆندوتیژی لە هەموو بوارەکانی ، کوشتن و سوتاندن و خۆسوتاندن و تۆندوتیژی سێکسی کەمی کردووە ، بەڵام ئەوەی سەرنجی زیاتر ڕاکێشام بەرزبوونەوەی سکاڵا بوو کە گەیشتۆتە 4970 سکاڵا کە بەڕاوەرد بە ساڵی ڕابردووە 757 زیادی کردووە . ئەمەش وای لێکردم هەڵوەستەیەک لە سەر ئەو ڕێژەیە بکەم، لە لایەک ڕێژی تۆندوتیژییەکان کەمی کردووە ، بەڵام لە لایەکی تر سکاڵا بەرزبۆتەو، کە واتا نارەزایی و گلەییەکان و ئازارەکان کە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی تۆندوتیژی زۆرن.

مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا زۆر جار دەخرێتە ناو قاڵبێکی داخراو کە لەوانەیە پێچەوانەی حەزو ئارەزووکانی بێت، ژینگەیەک کە پێوەستە بە دابو نەریتێکی داسەپاو بە سەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا ، ئەمەش زۆر جار لە بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵگەدا نییە ، لە بەر ئەوەی توانایی ، تایبەتمەندی ، کەسایەتی ، ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتییان بێ ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکاریانی لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕوودەدات قۆرخ دەکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ هەست بە نامۆ بوون و دوور کەوتنەوە لە یەکتر و سەرهەڵدانی جیاوازی ڕەگەزی ، دروستبوونی گرێ دەروونییەکان کە هەر لە منداڵییەوە لە ناخی تاکەکاندا دروست دەبێت و گەشە دەکات و لە کاتی گەورەیی دا دەیەوێت بە شێوازێک دەربببڕێت ، جا بە هەر شێوەیەک بێت، ، کە باوترینیان ئەنجامدانی تۆندوتیژییە بەرامبەر بە یەکتر، کە لەو کاتانەشدا قوربانییەکان زۆربەیان ئافرەت و منداڵن، ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتوری کە لە سەر بنەمای پیاوسالاری پەیرەو دەکرێت ، دەرفەتی زیاتر بە پیاو دەدات کە ئەو گرێ دەرونیانەی کە لە ناخیدا دروست بووە باشتر لە لەناوبردن و دەربڕینی ڕەگەزی ، بۆ پیاوێک لەوانەیە هاوار کردن، قیژاندن ولێدان و زۆر هەڵسوکەوتی تر بە نیشانەی پیاوەتی ئەو پێناسە بکرێ ، بەڵام بۆئافرەت ئەو شێوازە هەڵسوکەوتانە، بە بێ شەرم و دم هەراش پێناسە دەکرێت و لە کەسایەتی ئەو کەم دەکاتەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ لاوازی لە دەربڕینی هەموو ئەو ئازار گرفت و گرێ دەرونییانەی کە لە ناخیدا دروست بووە و ناچار دەبێت لە ناو خۆیدا کپی بکاتەوە وکاتێکش بێهیوا دەبێت پەنا دەباتە زۆر ڕێوشوێنی تر کە هەندێک جار خۆکوشتنە ، بەرزبونەوەی سکاڵا ی ئافرەتان نیشانەی هوشیاری و دۆزینەوەی ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوەی لە ناخیدایە باسی بکات ، دەرگایەکە بۆ گوێگرتنی لە خەم و ئازارەکانی ، کە بە دڵنیاییەوە بەم شێوازەش باشتر دەرگای گفتوگۆکردن و ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری دەکرێتەوە ، کە لەوانەیە باوک، برا ، یان هاوسەری بێت ، و کاریگەری زۆر باشی لە کەمکردنەوەی کێشەکاندا هەیە ، بۆیە زۆر بوونی ناوەندەکانی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت و سەنتەرەکانی تایبەت بە ڕاوێژکاری خێزانی وێرای ئەوەی کە کاریگەری زۆری لە سەر کەمکردنەوەی ڕێژەی تۆندوتیژی هەیە و دەرگایەکیشە بۆ ئەوەی گوێت لێ بگیرێت و ئەمەش ئاسوودەیی بە تاک دەبەخشێت ، چونکە گوێگرتن نیوەی چارەسەری کێشەکانە و وا لە مرۆڤ دەکات بە قوڵتر و باشتر بیر لە چارەسەری کێشەکان بکاتەوە ،. تۆبڵێی لە مالەوەش ئەگەر کەسێک هەبێت گوێت لێ بگرێت و لێت تێ بگات ، ڕێژەی سکاڵاکان هەر بەرز بێت ، بە دڵنیاییەوە نەخێر بەرز نابێت ، بەڵام لەو سەردەمەی ئێستا کەس تاقەتی گوێ گرتن لە یەکتری نییە.





ئافرەتانی کورد لە تاراوگە 16ی ئاب و ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک بارزانیان پیرۆزکرد

ساسان دەروێش/ هۆڵەندا

ئافرەتی کورد بەشێکی دانەبڕاوی میژووی گەلی کوردە و خۆشی و ناخۆشییەکانی لەگەڵ نەتەوەکەی دابەشکردووە و لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کردووە. ئەگەر لەو میژووە بڕوانین بە تایبەتی لە 73ساڵی تەمەنی پارتێکی نەتەوەیی هەڵقوڵاوی نێو جەماوەرەکەی، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو ڕاستییەمان دەخاتە بەرچاو لە لەشکرێکی چەند هەزاری لە ئمونەی جوانی ئافرەتانی کورد کە هەریەکەیان سیمبولێک بوون لە ڕۆژگارەکانی تەمەن و ژیانی خۆیاندا، سەرکەوتن و بەردەوامی ئەم پارتەش بە خۆڕاگری ئەم ئافرەتانەوە بووە کە لە شار و شاخ پاڵپشتی شۆڕش و هاوژین و هاوسەنگەرەکانیان بوون کە ئەمڕۆ بە شانازییەوە خوێندنەوە بۆ ئەو میژووە دەکرێ و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگیرێ و ناویان وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردایەتیدا ئەدرەوشێتەوە. بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی 73هەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی، ئافرەتانی کورد زۆر بە فراوانی بەشداری چالاکییە هەمە چەشنەکانیان لە ئاهەنگ و سیمینارەکاندا کرد و ڕۆڵی گرنگی خۆیان نواند بە تایبەتی لە شارە گەورەکانی ئەڵمانیا و سوید و نەرویژ. ئەمەش بەشێکی زیندووی ئافرەتانی لێژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە سنووری لێژنەی ناوچەی نەرویژ کە لە یادی 73هەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی و ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی بەڵێن و وەفاداری خۆیان دووپات کردەوە کە هەمیشە دەنگ و ڕەنگی گەل و نیشتیمانەکەیان بن و لە خەبات و تێکۆشان دانەبڕێن. بەم بۆنەیەشەوە خاتوو دکتور خاتونزین بەرزەنجی بۆ خەبات گوتی: پارتی یەکەم حزبە لە کوردستانی باشوور کە خەباتی شاخ و شاری دژی داگیرکاران ئەنجامداوە و ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی. جیاوازی پارتی لەگەڵ حزبەکانیتر ئەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێز و توانای زیاتر لە مەیدانی خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی بەردەوام دەبێت، لە ئێستادا هەوڵی بەئەنجام گەیاندنی ئاکامی ڕێفراندۆم دەدات تاکو بتوانێت ئەو نەخشە ڕێگایەی کە پێشتر ئامادەی کردبوو بەئامانجی بگەیەنێت، ئەویش دروستکردنی دەوڵەت و سەربەخۆیی بۆ کوردستانە، کە کورد وەک هەموو گەلانی جیهان مافی ئەوەی هەیە بە چل ملیۆنەوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بۆ ئەم بۆنە پیرۆزەش ئێمەی ئافرەتان لە تاراوگە بەڵێن و سۆز ئەدەین کە لە خزمەتکردن بەردەوام بین و جێگایی دڵخۆشیە کە ئافرەتان بە فراوانی بەشداری چالاکییەکان دەبن و ڕۆڵی گرنگی تیدا دەبینن.

دوژمن و یاریکردن بە دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان و خوێنی شەهیدان



بارزان عەبدوڵڵا

مێژووی دووبارەبوونەوەی شەڕی براکوژی و هاندانی هاوڵاتیان و عەشیرەتەکان دژی شۆڕشەکانی رزگاریخوازیی بارزانیی نەمر و شێخ ئەحمەدی بارزان لەلایەک دوژمنانی کورد و کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1885 تا 1958ی زایینی لەلایەن دوژمنانی کورد بۆ تێکدانی ئارامی و دەستکەوتەکانی گەلی کورد پلان بۆ دارێژاوە، ئەم سیناریۆیەش خەریکە دووبارە دەبێتەوە.

پەکەکە بە ئاشکرا دژایەتیی هەیمەنەی کوردستان دەکا، خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و گوندنشینان لەو بارەیەوە دەڵێن ئەوان بە پارێزگاری کەلەکانەکان) و مستەشارەکانی حکوومەتی بەشار ئەسەد و حەشدی شەعبی لە عێراق و پێرۆزکردنی ئاڵا و شیعارەکانیان لە پێش چاوی کامێرا و تەکنەلۆژیای سەردەم خەریکی فەلسەفاندنی خیانەتن. بەهۆی هەلکوتانە سەر مافی و دێهاتەکان بارزانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دروستی کردووە بیکەن بە خۆڵەمێشی ئامانجە گلاوەکانی (دۆڕان کالکانەکان) و خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و گوندنشینان لەو بارەیەوە دەڵێن ئەوان بە پێش چاوی کامێرا و تەکنەلۆژیای سەردەم خەریکی فەلسەفاندنی خیانەتن. بەهۆی هەلکوتانە سەر مافی و دێهاتەکان خەڵکێکی مەدەنی زۆر زەرەریان کردووە یان کەسیان لێ کوژراوە، تەنیا لە پارێزگای هەولێر و دهۆکدا زیاتر لە450 گوند و ئاوایی وێران کراون و باغ و رەزەکانیان بووەتە شوێنی بۆردومانی تورکیا و تونێلەکانی ئەوان، لەبەر شەڕ و ئاژاوەی تورکیا و پەکەکە کەس ناوێرێ ئاوەدانیان بکاتەوە، رەونەقی سیاسەتی پەکەکە تێکدانی گوندەکان و سستکردنی گەشانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستانە، خەڵکێکی مەدەنی زۆر زەرەریان کردووە یان کەسیان لێ کوژراوە، تەنیا لە پارێزگای هەولێر و دهۆکدا زیاتر لە450 گوند و ئاوایی وێران کراون و باغ و رەزەکانیان بووەتە شوێنی بۆردومانی تورکیا و تونێلەکانی ئەوان، لەبەر شەڕ و ئاژاوەی تورکیا و پەکەکە کەس ناوێرێ ئاوەدانیان بکاتەوە، رەونەقی سیاسەتی پەکەکە تێکدانی گوندەکان و سستکردنی گەشانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستانە، ئەوەتا دەیانەوێت لوولە نەوتییەکانی هەرێم بتەقێننەوە کە پێشتریش ئەو کارەیان کردبوو، مێرمندانی خەڵکی مەدەنی و بێتاوان فریو بدەن و بیکەن بە چەکدار و خوێنیان بە فیڕۆ بدەن، سااڵنێکە گرووپی بەکرێگیراوی بەناو گەریلای پەکەکە خەریکە دەستکەوت و خەبات و خوێنی شەهیدانمان ژێرپێ بخەن لەپێناو کۆمەڵێک ئامانجی لاوەکی و بەدینەهاتوویان، هەروەکو چۆن پێشتر پەلاماری خەڵک و دێهات و گوندەکانیان داوە و چەندین منداڵیان لەناو لانکە سوتاند و خوێنی چەندین لاویان ڕشتووە و چەندین گوندیان وێران کردووە.

ئەمڕۆش هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و هاندانی گوندنشینان بۆ لەباربردنی دەستکەوتەکانمان، یاریکردنە بە خوێنی شەهیدان و تێکدانی ئارامی و ئاسایشی کوردستان، دوژمنان نەیانتوانیوە بگەن بە ئاواتە گلاوەکانیان، ئەمرۆ ئەوان پێشەنگن لە ئاژاوەگێڕی و لێدوان و هەڕەشە.

پەکەکە ڕێکخراوێکی بەکرێگیراوە و ئارامنجی سەرەکییان تەنیا لەباربردنی حکوومەت و پەرلەمان و ئاڵا و خەباتی باشووری کوردستانە (ئەمەشیان نەشادڕۆتەوە)، بەڵگەش بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕاستی و دور لەدژایەتی بێ ئەوەش وەکو تۆوبەک، بۆ دروستکردنی کۆماری باشووری یەمەنی مەدەنی شارستانی، بۆ زانینیش، گەلی باشوور ئەو توخمە مەدەنیانەیان تێدایە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی شارستانی دروست بکەن. لەو حاڵەتەشدا، دەکرێت کەناری باشووری یەمەن پارێزراو بێت، حوسییەکانیش لە باکوور لەنگەر بگرن و لە ڕووی سەربازییەوە مایەپووچ بن، بەمەش بە بێ هیچ مەرجێکی پێشوەختە، لەسەر مێزی گفتوگۆکردن دادەنیشن، دوای ئەوەی کارگێڕیی سیاسی مەلاکان لە یەمەن و کارگێڕیی ئابووریان لە نێو ئێران شکست دەهێنێت.

سەبارەت بە دەوڵەتی کوردیش، هەق ڕوونە و مێژووش درۆ ناکات. کورد، لە مێژووی کۆن و نوێیاندا، دووچاری هەموو جۆرێک کوشتن و قڕکردنی قێزەوەن بوونەتەوە، هاوشێوەی ئەرمەنەکان لەسەر دەستی تورکەکان. لەسەر خاکی خۆیان دەرکران و دەربەدەر بوون. ئێستاش بەسەر گرووپە تیرۆریستەکان سەرکەوتن، دڵێرانە جەنگان و ئافرەتانیش لە تەک پیاوان شەڕیان کرد و لێدوان و هەڕەشەکانی سەرکردەکانیانە دژی خودی کورد نەک ئاراستەی دوژمنی سەرەکیمان، پەکەکە تا ئێستا هەزاران گوندیان لە لەباکوور و باشوور وێران کردووە، کردووەتەی بە لێڕەوار و شۆینگەی جەنگ، سەرەڕای لێدوانی هەرەشەئامێز و پەنجە هەڵبڕین بەڕووی هەرێم نەیانتوانیوە بستێک لەخاکی باکوور ڕزگار بکەن، سیاسەتە سەقەتەکانیان بووە هۆی لەدەستدانی عەفرین و چەندین ئاوایی و گوند و باخی کورد لە ڕۆژئاڤای کوردستان و ڕشتنی خوێنی هەزاران کورد بەدەستی دوژمن، هۆکارەکەشی لوتبەرزی و لەخۆبایی بوونی سەرکردەکانیان بووە.

تەنیا دەیانەوێت لوولە نەوتییەکانی هەرێم بتەقێننەوە کە پێشتریش ئەو کارەیان کردبوو، مێرمندانی خەڵکی مەدەنی و بێتاوان فریو بدەن و بیکەن بە چەکدار و خوێنیان بە فیڕۆ بدەن، سااڵنێکە گرووپی بەکرێگیراوی بەناو گەریلای پەکەکە خەریکە دەستکەوت و خەبات و خوێنی شەهیدانمان ژێرپێ بخەن لەپێناو کۆمەڵێک ئامانجی لاوەکی و بەدینەهاتوویان، هەروەکو چۆن پێشتر پەلاماری خەڵک و دێهات و گوندەکانیان داوە و چەندین منداڵیان لەناو لانکە سوتاند و خوێنی چەندین لاویان ڕشتووە و چەندین گوندیان وێران کردووە.

ئەوەتا دەیانەوێت لوولە نەوتییەکانی هەرێم بتەقێننەوە کە پێشتریش ئەو کارەیان کردبوو، مێرمندانی خەڵکی مەدەنی و بێتاوان فریو بدەن و بیکەن بە چەکدار و خوێنیان بە فیڕۆ بدەن، سااڵنێکە گرووپی بەکرێگیراوی بەناو گەریلای پەکەکە خەریکە دەستکەوت و خەبات و خوێنی شەهیدانمان ژێرپێ بخەن لەپێناو کۆمەڵێک ئامانجی لاوەکی و بەدینەهاتوویان، هەروەکو چۆن پێشتر پەلاماری خەڵک و دێهات و گوندەکانیان داوە و چەندین منداڵیان لەناو لانکە سوتاند و خوێنی چەندین لاویان ڕشتووە و چەندین گوندیان وێران کردووە.

ئەوەتا دەیانەوێت لوولە نەوتییەکانی هەرێم بتەقێننەوە کە پێشتریش ئەو کارەیان کردبوو، مێرمندانی خەڵکی مەدەنی و بێتاوان فریو بدەن و بیکەن بە چەکدار و خوێنیان بە فیڕۆ بدەن، سااڵنێکە گرووپی بەکرێگیراوی بەناو گەریلای پەکەکە خەریکە دەستکەوت و خەبات و خوێنی شەهیدانمان ژێرپێ بخەن لەپێناو کۆمەڵێک ئامانجی لاوەکی و بەدینەهاتوویان، هەروەکو چۆن پێشتر پەلاماری خەڵک و دێهات و گوندەکانیان داوە و چەندین منداڵیان لەناو لانکە سوتاند و خوێنی چەندین لاویان ڕشتووە و چەندین گوندیان وێران کردووە.

دەوڵەتێکی کوردی لە باکوور و دەوڵەتێکی یەمەنی لە باشوور، باشترین چارەیە



خالد ئەحمەد بادی

تەعریبا جل و بەرگا

ناسناما مللەتان زمان و جلکێن وانان بخۆنە و هەر مللەتەک ب جلکێن خۆ و زمانێ خۆ و وەلاتێ خۆ دهێتە نیاسین و دەربرینێ ژ کەتوار و دورهێلێ گەلان دکەت و ئانکو هەر مللەتەک ب جلکێن خۆ دهێتە نیاسین کو دبیتە زمانەکێ تایبەت ب جلکان ئانکو دەمێ جلکێن وانان دبینێ بێگومان دهێتە نیاسین کا چ مللەتە یان خەلکێ کیش وەلاتی یە. زۆر ژێدەرێن دیرۆکی دەنە خۆیا کرن کو دەمێ ڤەکرنێن ئیسلامێ ئانکو (فتوحات اسلامیە) هاتینە ئەنجامدان و گەهشتینە چیایێ حەمرینی گوت لوێرە ئیکسەر ڕاوەستان و وی سەرکردەی ئانکو وی سەرلەشکەری نامەیەک بو خەلیفەی هنارت و تێدا دیارکر کو ئەم یێن گەهشتینە جهەکی نە زمان و نە جلک و نە دەڤەر وەکی یێن مەنە و مللەتەکە ئەم و ئەو دهەڤدوو ناگەهین و ب هەمی لایان ڤە جوداهی لناڤبەرا مە و وانان دا هەیە و دبێژنی (الاکراد). ئانکو لڤێرە دیار دبیت کو ئیکسەر ئەو مللەت هاتنە نیاسین چونکە جلک و ئاخفتن و جە ژ یەک جودا بوون. هەر دیسان گەلەک دیرۆکڤان و زمانزان و ڕەشەنبیر وزانایێن بیانی و عەرەبی و خۆیی پەسنا جلکێن کوردان کریە و مفایێن دجلکێن کوردیدا ژئالیێ جوانی و ساخلەمی و ڕێکوپێکیێ ڤە کو مفایێن ئیکجار مەزن دگەهینە لەشێ مرۆڤان ئانکو کوردان. نوکە و لڤی سەردەمی پشتی ڕووبارێن خوینا شەهیدان و سەدان هزار قوربانی و ب دهان ئاوارەبوون و ئەنفال و دەردەسەری کو سەرا ڤان جلکان بوویە و هەمی دوژمنێن کوردان بتنێ دوژمناتیا کوردان دکر ژبۆ بنبڕ کرن و نەهیلان و بەرزەکرنا ڤێ ناسنامێ کو ئەو ژی جلکێن کوردانە نوکە پشتی کورد بخۆ دەستهەلاتی دکەن ڤێجا هندەک کوردان ئەم دبینین دجەرگێ دهوکێ دا یان ل کوردستانێ دشداشێن عەرەبان دکەنە بەر خۆ و ب شانازی ڤە ژی بکار دئینن و ب وان جلکێن کو نە یێن باب وبابپیرێن وانە دچنە مزگەفت و بازارِ و سپێدەهیا دچن نان و سەمونا دکڕن و کولان و هەمی جهان بێ شەرم دگەڕن، دێ بێژی یێ ل پارێزگەها (ناسریێ). بلا ئەو کەسێن ب دشداشە و جلکێن عەرەبان، خو ل دهوکێ و باژێرێن کوردستانێ باددەن بلا بچنە میسل یان بەغدا یان هەر جهەکێ دی ل عیراقێ دێ ئێکسەر هێتە بەرزە کرن کو تا نوکە ژی ل عیراقێ ناهێلن خانی و عەرد لسەر ناڤێن کوردان بهێنە تاپو کرن و بەرامبەر وانان لڤێرە هەمی ئاسانکاری بۆ وان دهێنەکرن و ریزەکا مەزن ل وان دهێتەگرتن کو دێ بێژی یێ ل گوندێ خۆ. ب هزرا من نوکە ژی تەعریب یا دهێتەکرن و ئەگەر دەستهەلاتێ وان بهێز بکەڤیت دێ پتر دوژمناتیا مە کەن. ب ڕاستی زۆر غەمگین دبم دەمێ یێ کورد و لسەر خاکا کوردان و ل جەرگێ باژێرێن مە دشداشێن عەرەبان و جلکێن وانان دکەنە بەر خۆ و بلا لشوینا وان دشداشا شەلوالیێن کوردی یان خاکێن کوردان بکەنە بەر خۆ، بۆ وان ساخلەمی تڕە و جوانترە و داکو بەرەبابێن داهاتی ژی چاڤ لوان بکەن و فیڕ بێن جلکێن کوردی بکەنە بەر خۆ و ناسناما خۆ یا کوردایەتییێ ژدەست نەدەین.

د. ئیمیل شوکروڵڵا

چارەی زۆربەی کێشە سیاسییەکان، لە ناوچەی عەرەبی، لە دوو هەنگاو پێکدێت: یەکەم، دانپێنانی نێودەوڵەتی بە دەوڵەتی باشووری یەمەن. دووەم، دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە باکووری سووریادا.


ڕاستییەکەی کۆماری باشووری یەمەن، کە دوای کەوتنی یەکێتی سۆڤییەت، ئەویش کەوت، لەوێندەر ژینگەی کولتووریی لە ژینگەی کولتووری باکووری یەمەن جیایە. لە پێش ساڵی 1990، لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا، چاوم بەبەشێکی زۆری زانا و ڕۆشنبیرانی باشووری یەمەن کەوتووە. ئێستاش، دوای ئەوەی بۆ هەموان ڕوون بوویەوە، ئێران، چ ڕۆڵێکی ترسناک بۆ داگیرکردنی جیهانی عەرەبی لە ڕووی سیاسی، لۆجیستی و هزرییەوە دەگێڕێت. حەشدی شەعبی لە عێراق، گوێرایەڵی تەواوی فەرمانەکانی ڕابەری باڵای ئێرانە، تاکو وای لێهاتووە، وەکو زۆربەی شۆڕشەکارانی سیاسی وای دەبینن، عێراق، ویستی سیاسیی خۆی لەدەست داوە، ئەوەش لە دوایین لوتکەی عەرەبی دەرکەوت. دەتوانین بڵێین حزبوڵڵا لوبنانی داگیر کردووە، چونکە جڵەوی شتەکانی لە دەستە و هیچ دەنگێک لە سەرووی دەنگی بەڕێز حەسەن نەسروڵڵاوە نییە، لە سووریاش هەمان شتە.

ئێستا ئێران هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی یەمەن بکاتە دەوڵەتێکی مەلایی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران، یان هەر هیچ نەبێت، بەشێکی بکاتە هاوشێوەی حزبوڵڵای لوبنانی لە ڕێگەی حوسییەکانەوە، ئەوانەی فەرمان لە ڕابەری باڵای شۆڕشی ئێران وەردەگرن. ئەوەش لە زوومی کامێراکان بینران، لە دیداری ڕابەری باڵا لەگەڵ حوسییەکان، دوای جیابوونەوەی باشووری یەمەن لە یەمەندا. وڵاتانی عەرەبی، دەبێت پشتیوانی لە جیابوونەوەی باشوور بکەن و یارمەتی بدەن، ئەمڕۆکە ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی دروست بکات نەوەکو سبەینێ، ئەوەش وەکو تۆوبەک، بۆ دروستکردنی کۆماری باشووری یەمەنی مەدەنی شارستانی، بۆ زانینیش، گەلی باشوور ئەو توخمە مەدەنیانەیان تێدایە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی شارستانی دروست بکەن. لەو حاڵەتەشدا، دەکرێت کەناری باشووری یەمەن پارێزراو بێت، حوسییەکانیش لە باکوور لەنگەر بگرن و لە ڕووی سەربازییەوە مایەپووچ بن، بەمەش بە بێ هیچ مەرجێکی پێشوەختە، لەسەر مێزی گفتوگۆکردن دادەنیشن، دوای ئەوەی کارگێڕیی سیاسی مەلاکان لە یەمەن و کارگێڕیی ئابووریان لە نێو ئێران شکست دەهێنێت.

سەبارەت بە دەوڵەتی کوردیش، هەق ڕوونە و مێژووش درۆ ناکات. کورد، لە مێژووی کۆن و نوێیاندا، دووچاری هەموو جۆرێک کوشتن و قڕکردنی قێزەوەن بوونەتەوە، هاوشێوەی ئەرمەنەکان لەسەر دەستی تورکەکان. لەسەر خاکی خۆیان دەرکران و دەربەدەر بوون. ئێستاش بەسەر گرووپە تیرۆریستەکان سەرکەوتن، دڵێرانە جەنگان و ئافرەتانیش لە تەک پیاوان شەڕیان کرد و توانییان خاکی خۆیان لە باکووری سووریا ڕزگار بکەن، ئایا مافی ئەوەیان نییە دەوڵەتی خۆیان هەبێت؟ بۆ نا؟ خۆ ئەوان خاوەن زەوی، زمان، مێژوو و ناسنامەن. بە دڵنیاییەوە ئەوە داواکارییەکی ڕەوایە، بەڵام ئەوانیش وەکو گەلی فەلەستین کە بەسەر "فەتح"ی لیبرالی و "حەماس"ی ڕادیکاڵی دابەش بووە، ئەوەش هۆکاری یەک نەبوونیانە و دەرفەتیشی بە ئیسرائیل داوە، ئەو پرسیارە بکاتە پاساو، لەگەڵ کێ گفتوگۆ بکەین؟ لەگەڵ حەماس یان لەگەڵ فەتح؟.

لێرەوە، دەبێت هەموو کوردی جیهان یەک بگرن و داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، دان بە دەوڵەتەکەیان بنێت، بۆ ئەوەی لەو ئەرکەش سەرکەوتوو بن، دەبێت بۆ ئامێزی عەرەبی بگەڕێنەوە پێش ئامێزی ئەمریکا، ئەوکاتیش تورکیا تەنیا سەرشۆڕی بۆ دەمێنێتەوە و سەرقاڵی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی خۆی دەبێت، دوور لە خەونەکانی سوڵتان نشینی عوسمانیدا.

و: ڕەمزی میرەکانی



بەشێنەیی
کاروان محەمەد سینۆ

ئێستاکە ئێران و ئیسرائیل لە عێراقدا لەشەڕدانە!!

لەوانەیە ئەم سەرنووسینەی سەرەوە لەلایەن خوێنەرانەوە نامۆبێت؟!، هەڵبەت بەپێی یاسا و عورفی نێودەوڵەتی، نابێت دوو وڵات لەنێو وڵاتی سێهەمدا شەڕ و (تصفیەی حساباتی خۆیان بکەن). بەڵام ئەگەر بە شێنەیی لە ڕوودا و لێدوانە سیاسی و سەربازییەکانی بەرپرسانی ئێران و ئیسرائیل و عێراق ورد بینەوە لە هەفتەی ڕابردوودا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە، بەڵێ ئێستاکە ئێران و ئیسرائیل لە عێراقدا لە حاڵەتی شەڕی ڕانەگەینراوی ئیستینزافیدان.

لەبیرمانە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا، فڕۆکە (بەفڕۆکەوان و بێ فڕۆکەوانە) جەنگییەکانی ئیسرائیل، چەندین جار پێگە و مۆڵگە سەربازی میلیشیا و جەبەخانەکانی ئێرانیان لە سوریادا بۆردومان کردبوو. ئەگەرچی ئێران و ئیسرائیل ئەم ڕوداوانەیان بە فەرمی پشتڕاست نەکردبێتش، بەڵام نکوڵیشیان لێ نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا جارجار لێرە و لەوێ بەرپرسانی ئێران لە بۆنە و کۆبوونەوەکاندا بەردەوام ئیسرائیل تۆمەتبار دەکەن کە هێرش دەکاتە سەر خاکی سوریا و سەروەری عێراق پێشێل دەکات و واپێدەچێ ئێستاکە شەڕەکە لە سوریاوە گواستراوەتە نێو عێراق.

لەم ڕووەوە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو 20ی ئاب لە گوندی (ئەلبوحشمە) تەنیشت فرۆکە خانەی (بەلەد) لە پارێزگای سەلاحەدین (64کم باکوری بەغدا)، لە سەربازگایەکی حەشدی شەعبید کە هاوبەش میلیشیای "کەتائب حزب ئەللاە" و "جوند ئەلئیمام" سەربە ئێران لەخۆ گرتووە، تەقینەوەیەکی گەورەی نائاسایی جبەخانەکانی چەک و تەقەمەنی حەشدی شەعبی گرتەوە. کە پڕاوپڕ بوو لە چەک و تەقەمەنی نائاسایی؟!!.

شایانی باسە لەم مانگەدا (ئاب) ئەمە چوارەم ڕووداوی تەقینەوەیە لەنێو گۆگاو جبەخانەکانی میلیشاکانی حەشدی شەعبی ڕووەدات. پێشتر (12ی ئاب ـ دووەم ڕۆژی جەژنی قوربان) کاتێک تەقینەوە لە سەربازگەی (ئەلسەقەر) لە دهەڤری "ئەبو دشیر" لە باشوری بەغدا و سەربازگەی (ئەلشوهەدا) لە دهەڤری ئامرلی لە پارێزگای سەلاحەدین ڕوویدابوو، بەها ئەلئەعرەجی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕۆژی (13ی ئاب) لە توێتێکدا باس لە سروشتی تەقینەوە و ئاگرکەوتنەوەکان دەکات و دەڵێت: "لە سروشتی ئاگری کۆگای سەربازگەی "ئەلسەقەر" دەردەکەوێت کە ئەو چەکانەی سوتاون ئاسایی نین و هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی پێشتر بەکاریان نەهێناوە. بۆیە پێمان وایە کە ئەم چەکانە ئەمانەتی وڵاتێکی دراوسێ بووە لای ئێمە و ئەم ئەمانەتە لەلایەن وڵاتێکی ئیستیعماری زاڵم بەئامانج کراوە لەژێر چاودێریەکی خیانەتکارانەی عێراقی".

ئەگەر بەشێنەیی لەم لێدوان (توێتەی) جێگری سەرۆک وەزیران عێراق وەرد ببینەوە و هەردوو ڕستەی " ئەم چەکانە ئەمانەتی وڵاتێکی دراوسێ بووە لای ئێمە" و "لەلایەن وڵاتێکی ئیستیعماری زاڵم بەئامانج کراوە" شی بکەینەوە، دەبینین جێگری سەرۆک وەزیران عێراق بەئاشکرا ئاماژە بە بوونی چەکی و تەقەمەنی ئێرانی دەکات لە عێراقدا و هەروەها ئاماژەش بە شەڕی ڕانەگەینراوی نێوان ئێران و ئیسرائیل دەکات لە عێراقدا.

حەشدی شەعبیش دروشمی "مەرگ بۆ ئەمەریکا و ئیسرائیلی بەرزکردەوە

ڕۆژی دووشەمە 8/26 لە میانەی ناشتنی تەرمی کازم عەلی محسن ناسراو بە (ئەبو عەلی ئەلدبی) بەرپرسی لۆجستی لیوای 45ی حەشدی شەعبی سەر بە حزبوڵڵای عێراقی. حەشدی شەعبی هاوشێوەی ئیران دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا، مەرگ بۆ ئیسرائیل" بەرزکردەوە. شایانی باسە (ئەبو عەلی ئەلدبی) ڕۆژی یەکشەمە 25/8 لەسەر سنووری عێراق-سوریا لە قائیم لە ئاسمانەوە بە موشک کوژابوو، حەشدی شەعبی ئیسرائیل تۆمەتبار کردووە کە بە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان (ئەبو عەلی) کوشتووە.





وێنە و هەواڵ

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٤٩٦٩ بەروار ٢٠١٧/٧/٥ بەبری ٨٠٥٥٢٥٠ بەناوی دلاوەر عبدالرزاق نادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە هبە جۆری ئۆتۆمبێل شفل تایر فولفو حجم کبیر مۆدێل ٢٠٠٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٣٣٩٧٥ کاتی ژمارەی شاسی: 5٤٦٣-L١٨٠E-V وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە هبە جۆری ئۆتۆمبێل شفل تایر کومانسو حجم کبیر مۆدێل ٢٠٠٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٧٤٨٣ کاتی ژمارەی شاسی: WA١٨٠H٥٠٥٥٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای هبە جۆری ئۆتۆمبێل رافعە شوکیە کومانسو مۆدێل ٢٠٠٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٨٩٢٧ کاتی ژمارەی شاسی: M٤٨٥٥٠٠٦ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

کارتی زانیاری نوسینگەی تەق تەق بەناوی (هاوبیر سلیمان طە)ون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١٣٧٩٢٩٣)

***

ون بوون

مۆڵەتی شوفێری/ گشتی/ بەناوی (احمد محمد احمد)ون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لەکۆیە (٠٧٥٠١١٩٤٥٣٨)

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٩٩٦٠٢٥ بەرواری ٢٠١٧/٧/٢٦ بەبری ٧٥٠,٠٠٠ بەناوی صدیق سعید سلطان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی فەرماندەی ژینگە یەکەی ١٥ پلە (پ.م) بەناوی هێمن حمید مامند وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد / ١٥٨٥/ت.د/٢٠١٩

التاريخ / ٢٦ /٨ /٢٠١٩

الى / المنفذ عليه (محمد رشيد عزيز)

م / تبليغ بمذكرة الاخبار بالتنفيذ

عليكما الاضبارة التنفيذية المرقمة (١٥٨٥ / ت . د/٢٠١٩) بمبلغ قدرة (٣٥٥٧٠٠٠٠) خمسة وثلاثون ملايين وخمسمائة وسبعون الف دينار عراقي فقط ونظرا لمجهولية محل اقامتكما حاليا حسب كتاب مركز شرطة كولان المرقم (٣٢٨٩) في ٢٠١٩/٨/٧ عليه قررنا تبليغكما عن طريق صحيفتين محليتين يوميتين رسميين للحضور في مديريتنا او ارسال من ينوب عنكما وبعكسه سوف نتخذ الاجراءات القانونية بحقكما بعد مرور الفترة القانونية (١٥) يوما

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

***

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین
سەروکایەتی شارەوانی ڕانیە
نەخشەی بنەڕەتی

ژمارە: ٥٠٤٥/٧٠٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٦

ئاگاداری

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی ڕاپەڕین بەژمارە ٧٤٧ لە ٢٠١٩/٨/٢١ وە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین بە ژمارە (٧٠٠/٢٦٨٩) لە (٢٠١٩/٥/٢٧) ئاگاداری سەرجەم فەرمانگە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و هاوڵاتیانی خۆشەویست دەکەین کە شارەوانیان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ڕووبەری مولکی ژمارە (١١١/٢٨)م١ ڕانیە شوێنەکەی دەکەوێتە نزیك خوێندنگای (کێوەڕەش) جا هەرکەس و لایەنێك ڕەخنە و پێشنیاری هەیە لەسەر بابەتەکە با لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا سەردانی شارەوانیان بکات بەمەبەستی پێشکەش کردنی ڕەخنەو پێشنیارەکان بەپێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی خۆی جێبەجێ دەکات.

مافناس/ سردار احمد جوامێر
سەرۆکی شارەوانی ڕانیە

***

قائمقامیا قەزا دهوك
لیژنا بەرفرەهکرنا حەرمێن گوندا

ژمارە (٢)
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٨/٧

ئاگەهداری

ل دیڤ برگا (٥) ل مادێ (٤) ژ یاسا ژمارە (١) سالا (٢٠١٥) دەرچویا وەزارەتا نافخو/ هەرێما کوردستانا عیراقێ لیژنا تایبەت ب بەرفرەهکرنا حەرمێ گوندان ڕابوویە ب کارێ خو بو مەرەما بەرفرەهکرنا حەرمێ گوندێ (نافشکی) ل سەر پارچە ئەردێ ژمارە (١٨٢) ب ڕووبەرێ (٥) پێنج دونەما کەرتێ (١٠) نافشکێ سەر ب ناڤچا مانگێشکێ قەزا دهوك... ئەڤجا هەر کەسەکێ تانە و ڕێگیری هەبیت پیشکیشی لیژنا ناڤبری بکەت د ماوێ (١٥) پازدە ڕۆژان دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ.

جهور علی عزیز

قائمقامێ قەزا دهوك
سەرۆکێ لیژنێ

***

پەیانگای تەکنیکی شەقڵاوە
هۆبەی ڕاگەیاندن و چالاکیەکان

ژمارە: ٢٨٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٦

ئاگادارییەك لە پەیانگەی تەکنیکی شەقڵاوە

پەیانگای تەکنیکی شەقڵاوە هەڵدەستێت بە بەکرێدانی (یانەی قوتابیان و پەراوگە و وێنەگر) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) هەرکەسێك ئامادەیە و شارەزایی تەواوی لەم بوارەدا هەیە با سەردانی پەیانگەکەمان بکات (بەشی دارایی) بەمەبەستی کرینی تەندەر لەبەرواری (٢٠١٩/٨/٢٦) تاکو (٢٠١٩/٩/٤) تا کاتژمێر (١) ی نیوەڕۆ کە دوا مۆڵەتە بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان وە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت دەکرێتەوە.

تێبینی:

١- خاوەن تەندەرەکە ناپێت فەرمانبەر بێت لە هیچ دامود دەزگایەکی حکومەت

٢- کرێی بڵاوکردنەوەی تەندەر دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

ڕاگەیاندنی پەیانگای تەکنیکی شەقلاوە

***

ئاگاداری دووەم ا

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێدانی ڕووبەری (١٧٣٦)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/٢) ك (١٠) سوێرێ ڕێگای (هەولێر- خەبات) لا دەستە ڕاست بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٣٩٤/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٨/٢١

ئاگەهداری

بۆ داوالیکەراو (خالد احمد خلیل) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (ڤهین حسین عبدالعزیز) ڕابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر داوا ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر قێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت ژێك جوودابوون (التفریق) ناڤبەرا تەو ویدا وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگادارییا دەستەکا هەلبژێر ل پاریزگەها دهوکی تاخی جزمە بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕوژنامەییین ڕوژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر قێ دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سێپیدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٨/٢١ ول بەروڤاژی قێ جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن

دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك

ژمارە/ ٤٦٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٨/٢٦

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە

ب/ ئاگەهداری

بۆ داوالیکەراو (خالد احمد خلیل) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (سوزان رشید عبدالله) ڕابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر قێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت داینگەها زاروکا (الحضانه) بو هەردوو زاروکین خو هەر ژ ئیك (انس ژ دایك بووی ٢٠١٢/٢/١١ وایە ژ دایك بووی ٢٠٠٩/٧/٢٤) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بونا تە نەدیارە لدویف ئاگادارییا دەستەکا هەلبژێر ل قەزا سێمێلێ تاخێ خەبات بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕوژنامەییین ڕوژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر قێ دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سێپیدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٩/٨ ول بەروڤاژی قێ جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن

دادوەر / زیرڤان احمد حسین

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٥٤٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٨/٢٧

ئاگەهداری

بۆ داوالیکەراو (احمد عمر حسن) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (سوزان رشید عبدالله) ڕابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر قێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت داینگەها زاروکا (الحضانه) بو هەردوو زاروکین خو هەر ژ ئیك (انس ژ دایك بووی ٢٠١٢/٢/١١ وایە ژ دایك بووی ٢٠٠٩/٧/٢٤) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بونا تە نەدیارە لدویف ئاگادارییا دەستەکا هەلبژێر ل قەزا سێمێلێ تاخێ خەبات بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕوژنامەییین ڕوژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر قێ دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سێپیدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٩/٨ ول بەروڤاژی قێ جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن

دادوەر / زیرڤان احمد حسین

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٤٦١/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٦/٣٠

ئاگەهداری

بۆ داوالیکەراو (حسن علی تاج الدین) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ قێ دادگەهێ دکێشا ژمارە وی ل سەری دیارکری ژێك جودابوونێ ژ تە کەت(تفریق) تە وداواکار (مزکین رسول جولی) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژێر وەدستەکا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێل کمبا دومیز ٢ ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبوونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دە ڕوژا ژبەلاڤکرنا ڕوژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دومایك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی

دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی کەلار/بەك

ژمارە / ١٢ /
ڕێکەوت ١٩ / ٨ / ٢٠١٩

ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (بلال محمد علی احمد) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی (کارگەی چیاو) بۆ بەدرهەمهێنانی شیرەمەنی و بەستەنی کە لە (کەلار / ناوچەی پیشەسازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەساڵی (١٩٩٨) بەڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژ ناوی ئامێر / ژمارەی ئامێر / دروستکراو / مۆدێل / توانای کارەبایی /

١- ئامێری پرکردنی (تعبئە) بۆ ماست ٩٥ / P٧ / ئێران / ٢٠١٧ / ١٠ ئەسپ /

٢- ئامێری پرکردنی (تعبئە) بۆ ماست ٩٥ / S-CF٣-٩٥-٥ / ئێرانی / ٢٠١٥ / ٥ ئەسپ

٣- ئامێری پرکردنی (تعبئە) بۆماست ٩٥ نیەتی ئێرانی ٢٠١٨ ١٠ ئەسپ /

٤- ئامێری پرکردنی (تعبئە) بۆ ماست ١١٦ / CF٣S-١١٦-٣ / ئێرانی / ٢٠١٧ / ٥ ئەسپ

٥- NOZZEL٦ / ئامێری پرکردنی (تعبئە) بۆ ئایس کریم نیەتی / ئێرانی / ٢٠١٩ / ١٥ ئەسپ

٦- NOZZEL٤ / ئامێری پرکردنی (تعبئە) بۆ ئایس کریم / ئامێری پرکردنی (تعبئە) بۆ ئایس کریم / نیەتی / ئێرانی / ٢٠١٩ / ١٠ ئەسپ /

٧- NOZZEL٤ / ئامێری بپرکردنی (تعبئە) بۆ ئایس کریم / نیەتی / ئێرانی / ٢٠١٩ / ١٠ ئەسپ

٨- دەزگای دروست کردنی دەبەی دۆ و پاشکۆکانی / نیەتی / صینی / ٢٠١٨ / ٥ ئەسپ /

٩- دەزگای دروست کردنی دەبەی دۆ و پاشکۆکان / نیەتی / صینی / ٢٠١٨ / ٥ ئەسپ /

سیامند محمد صالح
دادنووسی یەکەمی کەلار
٢٠١٩/٨/١٩

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٥٣٠٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Five Line international) بۆ بازرگانی ڕاگەیاندن و ڕێکلام و بڵاوکردنەوە و چاپکردنی ڕۆشنبیری و بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Five International) بۆ بازرگانی ڕاگەیاندن و ڕێکلام و بڵاوکردنەوە و چاپکردنی ڕۆشنبیری و بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد جودت علی اغا) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٢٦

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٥٢٤٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (MOVE LINE) بۆ بازرگانی گشتی و فرۆشتن و دانانی موبیلیات/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (MOVE LINE) بۆ بازرگانی گشتی و فرۆشتن و دانانی موبیلیات/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد انور ابراهیم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٢٥

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

هەلی کار

ئێمە وەکو کۆمپانیای (وردة کازان) پێویستیمان بە (١٥) کرێکار هەیە بە مەبەستی کارکردن هەر کەسێك ئارەزووی کارکردنی هەیە باراستەوخۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کار بکات کە دەکەوێتە ڕێگای مخمور پشت مزگەوتی خدر سواره یاخود پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٥٠٣٩١٢٩٤٩)

ناوی کار/ کرێکاری هونەری
ژ.هەلی کار/ ١٥
مووچە/ ٤٩٠٠٠٠
ڕەگەز/ نێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Five Line international) بۆ بارزگانی ڕاگەیاندن و ڕێکلام و بڵاوکردنەوە و چاپکردنی ڕۆشنبیری و بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (MOVE LINE) بۆ بارزگانی گشتی و فرۆشتن و دانانی موبیلیات/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

پەیانگای تەکنیکی کەلار
زیادکردنی ئاشکرا
پەیانگای تەکنیکی کەلار ئاگاداری گشت لایەك دەکاتەوە کە زیادکردنێکی ئاشکرای هەیە (مزایدە علنیە) بۆ فرۆشتنی کۆمەڵێك کەلوپەل و ئامێری کارەبایی بەکارهاتوو،هەرکەس و لایەنێك ئارەزوی بەشداری کردنی هەیە لەوبارەداکارەکات باسەردانی (هۆبەی دارایی پەیانگاکەمان بکات) بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری پێوست و دانانی بارمتە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگاداریەو کرێی بڵاوکردنەوەی بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەس و لایەنەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت
١- لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگاداریە و لەبەروارى (٢٠١٩/٨/٢٥) سەردانی پەیانگای تەکنیکی کەلار بکات بەمەبەستی بینینی کەلوپەلەکان تابەروارى ٢٠١٩/٩/٨کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەرلەبەیانی تا (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ
٢- ناسنامەی باری شارستانی لەگەڵ خۆی بێنێت یاخود هەر بەڵگەنامەیەکی دیکەی فەرمی باوەڕپێکراو لە ڕووی یاساییەوە
٣-کرێی ئەو ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەس و لایەنەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت
٤-زیادکردنەکە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٩ کاتژمێر (١١:٠٠)ی سەرلەبایانی لەپەیانگای تەکنیکی کەلار دەبێت /کەلار -فەرمانبەران -تەنیشت پارکی گشتی کەلار
پەیانگای تەکنیکی کەلار
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ١٦٣٠
ریکەوت : ٢١/ ٨/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (عطیة فرج احمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوای (١١٨٢٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات.
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
سەروکاتیا باژێڕانییا شێخان
کارگێری و خۆیەتی
ژمارە: ١٠٨١/٣٣٨/٣٩/٣٩
ڕێکەفت:٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ/ چیان علی رشو/ ئەندازیار
ترساندن
ژبەر هێلانا کارێ خو ل روژا ٢٠١٩/٨/١٧ بێ ئەگەر ئاگەهداریا تە دکەین کو دەست بکارێ خو بکەیی ژ روژا بهێە ئاگەهدارکرن ب ترساندنا مە بو دەمێ (٧) هەفت روژا ئەگەر تو ل سنورێ هەرێمێ بی و ئەگەر دەرقەی سنورێ هەریمێ بی بو دەمێ (٣٠) روژا روفاژێ دێ هیە دەست کێشان ژکاری ل دویف برگا (١) ژ بەندێن (٣٧) ژ قانونا باژێری ژمارە (٢٤) سالا ١٩٦٠ یێ راستکری بو زانین.
ئەندازیار/ خالد نرمو زیدو
سەرۆکێ باژێرڤانیا شێخان
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٥
ژمارە: ١١٢٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٠
ئاگانامە
داواکار/ نادیە محمد سعید ناونیشان سلیمانی
داوالەسەرکراو/ گورگون محمد نوزاد:
ناونیشان نادیارە
داواکار (نادیە محمد سعید) داوایەکی بەژمارە (١١٢٣/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایەدا هاتووە بە (جیابوونەوە بەسەبەبی هجر) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى ٢٠١٩/٩/١٥ کات ژمێر (١١:٣٠)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبون خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادەر/ جمال صدرالدین علی
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٩١٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٠
ئاگانامە
داواکار/ کۆژین علی سعید ناونیشان سلیمانی
داوالەسەرکراو/ سارە سعاد مجید: ناونیشان نادیارە
داواکار (کۆژین علی سعید) داوایەکی بەژمارە (١٩١٦/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایەدا هاتووە بە (تصدیق طلاق) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى ٢٠١٩/٩/٢٣ کات ژمێر (١٠:٤٠)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبێن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادەر/ جمال صدرالدین علی
***
دادگای باری کەسیتی سلێمانی/٢
ژمارە: ٣٣٠١/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٢
ئاگانامە
داواکار: هانا جمال عبدالقادر
داوالەسەرکراو: هاڤال امیر صالح زکی
داواکار: هانا جمال عبدالقادر داوایەکی بە ژمارە (٣٣٠١/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وەلەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادەری بەهۆکاری زیانگەیاندن) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/١٠/٩) سەعات (٩)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (ئامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادەر/ د. طه عمر رشید
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
ژمارە: ٢٠١٩/١٠٨٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢١
ئاگاداری
بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن (عطا عمر علی) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا ئاگادارت دەکەینەوە کەوا داواکاری جێبەجێکردن (لاهور چالاك حسیب) گرێبەستی ڕێکەوتن (سندی قەرزی جێبەجێکردووە لە بەڕێوەبەرایەتیان لە بەروارى (٢٠١٩/٧/١٠) کە تایبەتە بە قەرز بەبری (٦٤,٨٢١,٠٠٠) شەست و چوار ملیۆن و هەشت سەدو بیست و یەك هەزار دینار بەرەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە وە لەبەر ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیان ڕون بۆتەوە لەڕێگای شرحی ڕاگەیەنەری دادی و شرحی موختاری (گەرەکی سەرچنار) کە شوێنی نیشتەجێبوون و دانیشتنت نادیارە لەکاتی ئێستادا بۆیە بەڕێوەبەرایەتیان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لەماوەی (١٥) ڕۆژدا کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بەپێچەوانەوە ئیجراتاتی یاسایی بەزۆرت بەرامبەر دەدرێت بەپێی ماددەی ٢٧ لە یاسای جێبەجێکردن.
جێبەجێکاری داد/ کۆسرەت علی مجید
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە: ٢٠١٩/١٠٨٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢١
ئاگاداری
بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن (عطا عمر علی) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا ئاگادارت دەکەینەوە کەوا داواکاری جێبەجێکردن (لاهور چالاك حسیب) گرێبەستی ڕێکەوتن (سندی قەرزی جێبەجێکردووە لە بەڕێوەبەرایەتیان لە بەروارى (٢٠١٩/٧/١٠) کە تایبەتە بە قەرز بەبری (٦٤,٨٢١,٠٠٠) شەست و چوار ملیۆن و هەشت سەدو بیست و یەك هەزار دینار بەرەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە وە لەبەر ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیان ڕون بۆتەوە لەڕێگای شرحی ڕاگەیەنەری دادی و شرحی موختاری (گەرەکی سەرچنار) کە شوێنی نیشتەجێبوون و دانیشتنت نادیارە لەکاتی ئێستادا بۆیە بەڕێوەبەرایەتیان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لەماوەی (١٥) ڕۆژدا کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بەپێچەوانەوە ئیجراتاتی یاسایی بەزۆرت بەرامبەر دەدرێت بەپێی ماددەی ٢٧ لە یاسای جێبەجێکردن.
جێبەجێکاری داد/ کۆسرەت علی مجید
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣١٣/ش/٢٠١٨
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٨/٣٠
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (محمد رضا محمد) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهیێ دکێشا ژمارە وی ل سەری دیارکری ژێك جودابوونێ ژ تە کەت(تفریق) تە وداواکار (کولستان فرحان اودی) وژبەر کو جهێ وار ستی ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێل ئەف بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە: ٧٠٩/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ خالد محمد علی
دەمێ تو تومەتبار د کێشا ژمارە ١٨١/ اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن تناهی ل دیڤ بەندێ (٤٥٦) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهیێ سپێدەهیا ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٨ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە: ٧٠٧/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ لقمان اسماعیل سعید
دەمێ تو تومەتبار د کێشا ژمارە ٣٩٠/ اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن سێمێل ل دیڤ بەندێ (٤٥٦) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهیێ سپێدەهیا ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٨ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
دادگەها کەتنی دهوك
ژمارە:١٤٣٩/ج٢/٢٠١٩
ڕێکەفتی:٢٠١٩/٧/٣١
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (شڤان محمد سلیم محمد امین)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٤٣٩/ ج٢/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نزارکێ ل سەر مادەێ (٤٥٣/ یاسا سزای) ژبەر نەدیاربونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهیێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٩/١٧ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشمللە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها کەتنی دهوك
ژمارە:١٤٣٦/ج٢/٢٠١٩
ڕێکەفتی:٢٠١٩/٧/٣١
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (تحسین سلیم محمد)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٤٣٦/ ج٢/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نوروز ل سەر مادەێ (٤٥٣/ یاسا سزای) ژبەر نەدیاربونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهیێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٩/١٦ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشمللە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
ژمارە: ١٢١٤/ج٢/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٨/١
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (زکی سلیم شاهین)
ناسنافێ وی (زکی کاراتاش)
ڤێ دادگەهیێ بریاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (ئێك سال) ل سەر مادەی (٤٥٦/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٢١٤/ج٢/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهیێ پولیسێن نزارکێ ژمارە ٢٠١٩/١٦ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبونێ هەیە سەر بریارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ جهێ بریارا ناماەبونێ گریت.
دادەر/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها کەتنی دهوك
ژمارە:١٤٣٦/ج٢/٢٠١٩
ڕێکەفتی:٢٠١٩/٧/٣١
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (تحسین سلیم محمد)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٤٣٦/ ج٢/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نوروز ل سەر مادەێ (٤٥٣/ یاسا سزای) ژبەر نەدیاربونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهیێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٩/١٦ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٢٦٧٩/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٦
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەویەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی (٧) حەوت یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٤٥٥/٣٨ م ٤٥ وارش جۆری بەکارهێنان/ گەراجی باشوور ماوەی بەکرێدان/ یەك سال.
هاوپێچ/ مەرجەکانی گواستنەوە
١- دەبێت بەڵێندەر پابەندی هەموو ڕێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بێت.
٢- دەبێت بەڵێندەر پابەندبێت بەو ڕێژەی (عمولە)ی کە دیاریکراوە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.
٣- بەڵێندەر بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە دەست وەردان بکات لە ڕێزبەندی ئۆتۆمبێلی هێلەکان.
٤- بەڵێندەر بۆی نییە بەهیچ شێوەیەك دەست وەردان بکات لەپارەی بەرید چونکە بەرید مافی شوفێرە وە لەلایەن بەرپرسی هێل و فەرمانبەری گواستنەوە ڕێك دەخرێت.
٥- دانانی بارمتەی بەبری (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار لەلایەن بەڵێندەر لە بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی هەولێر بەمەبەستی پابەندبوونی بەڕێنماییەکان وە لەکاتی هەبوونی هەر سەرپێچیەك، بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوە دەسەلاتی غەرامەکردنی بەڵێندەری هەبێت بەبری (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار.
٦- بەڵێندەر دەبێت (ئاسایشی ناو گەراج بپارێزێت وە دانانی کامێرای چاودێری و ڕووناکردنەوەی ٢٤ کاتژمێری.
٧- بەڵێندەر دەبێت پاك و خاوێنی ناو گەراج ڕابگرێت وە دانانی پاککەرەوە لەسەر بوودجەی خۆی.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

DNO
EST - 1971
کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Project Site Engineer-Fixed term 12 months
Work Location	Field-Zakho (Tawke)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
• Produce scopes of work and cost estimates for small to medium size projects.
• Produce drawings using AutoCAD.
• Make site measurements, including clash checking for new works in the Brownfield site.
• Discuss drawings with construction teams and engineers to gain feedback.
• Review completed construction drawings from third parties for accuracy and conformity to DNO standards.
• Project planning and scheduling, cost control, change control, quality assurance, quality control, document control, health, safety, and environment (HSE) design engineering and construction management.
• Direct the contractor's activities with respect to project execution ensuring the contractor is familiar with DNO execution plans and overall job requirements, staffs the project with adequate numbers of qualified personnel and optimizes the use of those personnel and employs the appropriate design tools and adheres to all agreed specifications and standards;
• Raise internal project technical and commercial approval documentation, review scope changes and issue change requests as required;
• Participate in HAZID, HAZAN, HAZOP, SIL & QRA studies.
Required Qualifications & Experience:
• Minimum 10 years of experience in onshore capital expenditure (capex) projects within the oil and gas industry.
• BSc or equivalent in Engineering discipline (mechanical, piping, electrical or instrumentation).
• Convincing academic background within one or more engineering discipline(s) of which process/mechanical/piping/instrumentation should be core.
• Fluent in English language.
• Experienced in AutoCAD.
• Experience of Navisworks, CAD Works and 3D modeling (preferred).
• Have a wide range of technical skills and experience and a practical knowledge of the major engineering disciplines.
• Hands on experience with construction and commissioning.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

سوودان ...
وڵاتی شۆڕش و کودەتای سەربازی



ئا: هەندرێن شێرزاد

لە بنەڕەتدا ئەو بەشەی دەکەوێتە باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقی کە لە زەریای ئەتلەسیەوە دردێژ دەبێتەوە تا دەگاتە دەریای سوور و زەریای هیندی بە سودان ناونراوە ، بەڵام ئێستا دراوەتە پاڵ ئەو بەشەی دەکەوێتە باشووری میسر بە تایبەتی بەشی ناوەڕاستی حەوزی نیل . سودان وڵاتێکی عەرەبی فرە ڕەگەز و ئاین و مەزهەب و ڕەگەزە لە 1ی یەنایەری 1956 سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە و ژمارەی دانیشتوانی 33.419.625 کەسە . لەوەتەی هەواڵی سەربەخۆیی لەم وڵاتە ڕاگەیەنراوە ، زیاد لە 10 کودەتا و بەرپابوونی چەندین شۆڕشی بەخۆیەوە دیووە.

یەکەم کودەتا ، بەڵام

یەکەم کودەتای سەربازیی لە ساڵی 1956لە دژی یەکەم حکوومەتی دیموکراسی هەڵبژێردراو و ئیسماعیل ئەزهەری سەرۆکی ئەو کاتە لەلایەن ژمارەیەک ئەفسەری سوپا بە سەرکردایەتی ئسماعیل کویێدە ئەنجام درا ، بەڵام لە دوا قۆناغدا شکستی پێ هێنرا .

17ی تشرینی دووەمی 1958

لەم ڕۆژەدا سودان یەکەم کودەتای سەربازیی بەخۆیەوە دیت و سەرکەوتووی بەخۆیەوە بینی و لەلایەن فەریق ئیبراهیم عەبودەوە سەرپەرشتی کرا . لەو کودەتایەدا کۆتایی بە دەسەڵاتی حکوومەتی هەڵبژێردراوی نێوان پارتی ئومە و پارتی یەکێتی دیموکراتی هێنرا . کودەتاچیەکان حکوومەتێکی سەربازیان بە سەرۆکایەتی عەبود پێکهێنا و بۆ ماوەی 7 ساڵ کاروباری وڵاتی بەڕێوە برد ، لەو ماوەیەدا ژمارەیەک ئەفسەر هەوڵی ئەنجامدانی کودەتایەکیان دا ، بەڵام حکوومەت لە جیاتی ئەوەی کودەتاچیەکان دەستگیر بکات ، ڕەوانەی نێو ریزەکانی دەسەڵاتی کردن . ئەمە بووە هاندەر بۆ ژمارەیەک ئەفسەری دیکە بۆ ئەوەی کودەتایەکی تر ئەنجام بدەن ، بەڵام ئەم جارە عەبوود لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاگر و ئاسنەوە مامەڵەی لەگەڵ کودەتاچیەکان کرد و پێنج لە سەرکردەکانی لە سێدارە دا و ئەوانی تریشی خستە بەندیخانەکان . تا 21ی تشرینی یەکەمی 1964 عەبود و دارودەستەکەی لە دەسەڵات مانەوە ، ئەو کاتە سودان گەورەترین شۆڕشی بەخۆیەوە بینی و لە ئەنجامدا کۆتایی بە دەسەڵاتی عەبود هێنرا و حکوومەتێکی دیموکرات و هەڵبژێردراو شوێنی گرتەوە .

20ی ئایاری 1969

لەو ڕۆژەدا سودان بەناوبانگترین کودەتای سەربازی بەخۆیەوە دیت و گرنگترین و بەناوبانگترین هەوڵی کودەتاکردن لە دژی دەسەڵاتی نومەیری ئەوە بوو کە لەو ڕێکەوتە لەلاین ژمارەیەک دۆستی خۆیەوە بوو و بە کودەتای مایۆ ناونرا . ئەوان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەستیان بەسەر بەشێکی خەرتومی پایتەختدا گرت ، بەڵام نومەیری بە یارمەتی وڵاتانی دراوسێ دەسەڵاتی گرتەوە دەست و کودەتاچیە لەلایەن عەمید جەعفەر نومەیری و ژمارەیەک ئەفسەری سەر بە حزبی شیوعی سودانەوە سەرپەرشتی کرا . نومەیری سیستمێکی تازەی دامەزراند کە 16 ساڵ دردێژەی کێشا . ئەگەرچیش لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک هەوڵی کودەتاکردن ڕوویاندا بەڵام نومەیری شکستی بە هەموویان هێنا و خەرتومی پایتەختی کرد بە گۆڕی خۆیێن .

19ی تەمووزی 1971



مەدەنی و سەربازیەکانیشی لە سێدارە دا

ساڵی 1975

هەوڵێکی دیکەی کودەتای شکستخواردوو ڕوویدا و لەلایەن ئەفسەرێک بە ناوی حەسەن حوسێنەوە سەرپەرشتی کرا ، بەڵام دواتر خۆی و ژمارەیەک ئەفسەری دیکە گوللەباران کران .

2ی تەمووزی 1976

ژمارەیەک هێزی سیاسی سەر بە باڵی ئۆپۆزسیۆن لە لیبیاوە هەوڵی لادانی دەسەڵاتی نومەیریان دا و ئەرکەکەیان بە عەمید محەمەد نور سپارد و لە سنوورەکانی لیبیاوە خۆیان گەیاندە خرتومی پایتەخت . بەڵام حکوومەتی نومەیری زۆر بە تۆندی مامەڵەی لەگەڵ کردن و سەرکردەکەی گوللەباران کرد و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ شەقامەکانی پایتەخت بوونە مەیدانی شەڕ و سەدان کەس کوژران .

6ی نیسانی 1985

دەسەڵاتی نومەیری دووچاری هیچ هەوڵێکی دیکەی کودەتاکردن نەبووەوە تا ڕۆژی 6ی نیسانی 1985، لەو ڕێکەوتەدا سودان شۆڕشێکی گەورەی بەخۆیەوە دیت و سوپا کەوتە بەری جەماوەر و ئەنجومەنێکی سەربازیی کاتی بۆ وڵات دامەزرێنرا بە سەرۆکایەتی عەبدولرەحمان سوار ئەلزەهەب .

30حوزەیرانی 1989

مللملانێی نێوان پارتە سیاسیەکانی سودان بووە هۆی ڕوودانی عومەر بەشیر ، کودەتاکە بە یارمەتی ئیسلامیەکان بە سەرۆکایەتی حەسەن تورابی ئەنجام درا . لەو کاتەشەوە بەشیر و دەسەڵاتەکەی دووچاری چەند هەوڵێکی کودەتاکردن بووەوە ، بەناوبانگترینیان کودەتاکەی ڕەمەزانی 1990 بوو کە لەلایەن ژمارەیەک ئەفسەری پلەبەرزی ناو سوپا ئەنجام درا و لە ئەنجامدا 28 ئەفسەر لە سێدارە دران .هەروەها لە ساڵی 1992 هەوڵێکی دیکەی کودەتاکردن لەلایەن عەقید ئەحمەد خالید درا ، بەڵام هەر زوو بەشیر کۆتایی پێ هێنا و سەرکردەکانی دەستگیر کردن .

ساڵی 2019

سودان شۆڕشێکی جەماوەری سەرتاسەری بەخۆیەوە دیت و کۆتایی بە دەسەڵاتی بەشیر هێنرا ، ئەمەش جاری سێیەمە لەو وڵاتەدا کە جەماوەر شۆڕش بەرپا بکات و کۆتایی بە دەسەڵاتی سەربازی بێنێ .

سەرچاوە : ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1883:
لافاوێکی توند لە ئەندۆنیسیا ڕووید او بووە هۆی کوژرانی 36000 کەس .



ساڵی 1896:
کورتترین شەڕ لە مێژوو لە نێوان ئینگلیز و زنجبار ڕوویدا نزیکەی 40 خولەکی خایاند و بە سەرکەوتنی ئینگلیز کۆتایی هات.



ساڵی 1975:
هیلاسی لاسی ئیمپراتۆری پێشووی ئەسیوپیا کۆچی دوایی کرد .



ساڵی 1979:
سوپای کۆماری ئێرلەندا لۆرد لویس مۆنتباتنی مامی شازنی وڵاتی تیرۆر کرد .



ساڵی 1991:
مۆلدۆڤا لە یەکێتی سۆڤیەت جیابووەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند .



ساڵی 2017:
گێژەلوک و باوبۆرانی هارڤی لە ویلایەتی تکساسی ئەمەریکای دا و زەرەرو زیانێکی گەورەی ماددی بەجێهێشت.

چەمکی سیاسی



ئیمپریالیزم

هەڵسوکەوتێکە مەبەست لەدوایەوە سەپاندنی دەسەڵاتە بەسەر دەوڵەت یان میللەتێکی لاوازتر. ئیمپریالیزم چەند شێوازێکی جیاواز وەردەگرێ ، لەوانە کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆ وەک ئەوەی لە حالەتی کۆلۆنیای ڕاستەوخۆ ڕوودەدات یان لە ڕێگەی مۆرکردنی ڕێککەوتنی بازرگانی و ئابووری کە لە بەرژەوەندی وڵاتانی ئیمپریالی بن . هەندێک بۆچوون پێیان وایە ئەمە سیفەتێکە و پەیوەست بووە بە مێژووی مرۆڤایەتی و لە بنەڕەتدا دەرئەنجامی بوونی جیاوازی هێزی نێوان وڵات و گەلانە . بۆیە تا ئەو کاتەی ئەو جیاوازیانە بوونیان هەبێ ئەم دیاردەیەش دەمێنێ .

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/8/28 ژمارە (5816)

67 خولەک.. ماندێلا



عەبدولحوسێن شەعبان

لە 9 تشرینی دووەمی 2009دا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، رۆژی 18 تەموزی هەموو ساڵێکی، بە (رۆژی جیهانی نیسلسۆن ماندێلا) ڕاگەیاند، وەکو ڕێز و پێزانینێک بۆ ئەو پیاوە، لە داکۆکیکردنی لە بەهاکانی ئاشتی، ئازادی، لێبووردن، مافەکانی مرۆڤ، یەکسانی و بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری ڕەگەزی، کە هەموو ژیانی بۆ خەباتکردن لە پێناو ئەو بنەمایانە تەرخان کرد، ئەو نموونە و مانا مرۆییانەش، بوونە هاوشانی، چ لە بەندیخانە شڕەکەی کە 27 ساڵی خایاند، یان دوای ئازادبوونی و بەردانی، بەتایبەتی ئەو کاتەی لە ساڵی 1994، بە سەرۆک کۆماری باشووری ئەفریقیا هەڵبژێردرا، کە نەیهێشت قینە، یان ڕق، یان تۆڵە سەندنەوە، دزە بکاتە نێو دڵی و بەسەر میشکیدا زاڵ بێت، چونکە ڕابردووی لە دواوەی خۆی جێهێشت و بە متمانە و ئومێدەوە، رووی لە ئایندە کردبوو.

مەکسیم گۆرکی، نووسەری ڕووسی، شۆڕشگێڕێکی سەردەمی خۆی وا وەسف دەکات (نیوەی میشکی لە داهاتوودا دەژی)، وابزانم ئەو جۆرە وەسفکردنە، بە ڕادەیەکی زۆر بەسەر ماندێلادا پیادە دەبێت، چونکە کاتێک بووە سەرۆک کۆماری باشووری ئەفریقیا، پلانێکی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی، لەڕێگەی دادپەروەری گواستنەوەیی داڕشت، خۆی بە دیلی ڕابردوو نەهێشتەوە، بەڵکو بە دیدی دوور لە ئایندەی ڕوانی، نەخاسمە لە گەڕان بە دوای شێوازەکانی ژیان، لەنێوان ڕەگەز، ئیتن، پێکهاتەکان و شتی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکاندا.

دادپەروەری گواستنەوەیی

دادپەروەری گواستنەوەیی، پێویستی بە لێپرسینەوە هەیە، بۆ ئاشکرابوونی ڕاستەواو، بۆ ئەوەی قوربانییەکان یان مافپاتەکانیان ببینن، بەمەش زیانەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاکاری دەخرێنە ڕوو، بە مەبەستی هێشتنەوەی یادەوەری بە زیندووی و لێنانی ناوی قوربانییەکان، لە داموددەزگا و شوێنە گشتییەکانی کولتووری و کۆمەڵایەتیدا، زیندەباری قەرەبووکردنەوەی دارایی و وەرەیی، لەسەر ئاستی کەسیدا. بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووش دووبارە نەبنەوە، پێویستە چاکسازی لە سیستەمەکانی یاسایی، دادی و تەناهی بکرێن، بارودۆخی گونجاویش، بۆ گواستنەوەی دیموکراسی، لە ڕێگەی ئاشتەوایی نیشتمانی دوور لە تۆڵەسەندنەوە و فرتوفێڵ فەراهەم بکرێت. لە سایەی ڕەوشی گواستنەوەییدا، کە تێیدا ولات لە بەرێکەوە دەچێتە بەرێکی دیکەوە و، لە دەسەلاتی ڕەگەزپەرستی (کەمینە)یشەوە، دەچێتە دەسەلاتی دیموکراتی (فرەیی). لە ساڵی 1989دا، (دەزگای ماندێلا) دامەزرا و داوای لە هەموو کەسێک کرد، 67خولەک لە کاتی خۆیان بۆ (کارکردن لە پێنای کەسانی دیکە) تەرخان بکەن، سیمبولی ژمارە 67 بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ماندێلا 67ساڵ، لە تەمەنی خۆی، لە خزمەتکردنی کەسانی دیکە و یارمەیتدانیان بردە سەر، واتە خولەکێک بەرامبەر هەر ساڵێک، ئەگەر هەوڵەکانیش یەکبخرێن، بەهایەکی ڕاستەقینەی دەبێت، چ لەسەر ئاستی دەزگا، یان کۆمەڵە، یان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان گەڕەک، یان شارۆچکە، یان شار، یان دەوڵەتەوە بێت، زێدەباری ئامانجە مرۆییەکەی و کاریگەریە دەروونییەکەی، بەسەر ئەو کەسەی قوربانی بە بەشێک لەکاتی، یان وچانی، یان پارەی خۆی دەدات، بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی. ئەگەر یادکردنەوەکەی ئەمساڵ، دروشمی (کارکردن لە پێناوی ئەوانی دیکە)ی هەڵبژاردبێت، لە ساڵانی ڕابردوودا، چەندین دروشمی بەرز کردووەتەوە وەکو (کارکردن لەدژی هەژاری) یان (کارکردن لەدژی ئایدز) و چەندانی دیکەش، کە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە و فێرکاری پەیوەست بە دروشمی سەرەکی هاوشانیان بوو، زێدەباری یارمەیتدانی پەنابەر، دەرکراو و کۆچبەران لە ئەفریقیا و ولاتانی تازە پێگەیشتوودا، بە ولاتانی عەرەبیشەوە. لە ساڵی 1999 شەوە، دەزگای ماندێلا، کاریکی چڕی لە بواری مرۆیی دەست پێکرد و، چاوی خستە سەرگەشەپێدانی لادێکان و فێرکردنەوە، بەتایبەتی ئامانجێکی سەرەکی ئەو بوون، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، بەڵکو هەستی بە بەختەوەری دەکرد، لەوکاتەی یارمەتی ئەوانی دیکەی دەدا، چونکە هاوتەریبیەک لەنێوان قوربانیدان و بەخشیندا هەیە، ئەگەر بەخشین بۆ ئەوانی دیکە بێت، قوربانیدان بۆ خودە، بەمجۆرە مرۆڤ بەهایەک لە خۆی دەدۆزێتەوە و دەیەوێت هەمان بەها لەوانی دیکەشدا هەبێت، هەموو ئەوانەش بەشێکن لە کاری خێرخوازی و خۆبەخشیدا. بە گوێرەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ هەست بە ڕەزامەندی و کاریگەری ئەرێنی دەکات، کاتێک کاریکی خێرخوازی ئەنجام دەدات، ماندێلا، لە سەربردەی پیشەیی، یاسایی، ماوەی بەندکردنی، مەینەتییەکانی و باوەڕبوونی، بەوەی تووندوتیژی تەنیا تووندتیژی لێ دەکەوێتەوە بەوە گەیشت، بۆیە هیچ پێشکەوتنێکی ڕاستەقینە ڕوو نادات، تەنیا لە بارودۆخی ئاشتی، پێکەوژیان و لێبووردەیی نەبێت، بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبلیش بۆ ئاشتی، پاڵنەرێکی تازە و بەرپرسیاریەتێکی مرۆیی زیاتر بوو، بۆ ئەوەی لەسەر ڕێچکەکەی بەردەوام بێت، دوای کۆتایی هێنان بە ڕژێمی جیاکاری ڕەگەزی، کە ماوەی دوو سەدە دەسەلاتی ئەو ولاتەی لەدەست بوو، یەکێ لە دروشمەکانی ماندێلا ئەوە بوو))،کەس ناتوانێت هەنگاونانمان بەرەو ئازادی بوەستێنێت، نابێت ڕێگە بە ترس بدەین بەربەستمان بۆ دروست بکات)). 67 خولەک کاری خێرخوازی لە هەموو ساڵێکدا، بەربەست بۆ کاروانی هیچ مرۆڤێک دروست ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ڕۆڵی لە مرۆڤبوونی دەبێت و وای لێدەکات هەست بە خۆشی و ئاسوودەیی بکات. ئومێدەوارین هەموو مرۆڤێک 67 خولەکی هەبێت!!

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.azzaman.com

مانشێت



سکای نیوز:
حکوومەتی چین ڕایگەیاند کە بەتۆمەتی سیخوڕیکردن کەسێکی ئەکادیمی ئوسترالی لە پەکین دەستگیر کراوە.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
سەرۆکی ئەندۆنیسیا ڕایگەیاند کە بڕیاری گواستنەوەی پایتەختی سیاسی وڵات بۆ دوورگەیەکی نزیک جاکارتا دراوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بڕیار وایە تورکیا بەشێکی دیکەی سیستمی ئێس 400 ی لەلایەن ڕووسیاوە بەدەست بگات .



ئیلاف:
بەرازیل داوای وڵاتانی گرووپی حەوتی ڕەت کردەوە سەبارەت بە کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی ئەمازۆن.




فرانس 24:
کەشتیەکی ئەڵمانی لە دەریای ناوەڕاست 100 پەنابەری لە خنکان ڕزگار کرد .



کەنالی ئار تی:
بزووتنەوەی تالیبان ڕایگەیاند کە ئەمەریکا ڕازی بووە بە کێشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان.

کاریکاتێر




نمونەی چەند کەپرێکی گەشتیاری ساده لەدەم ئاوێکی سازگار و سروشتێکی جوانی کوردستان


نمونەی چەند کەپرێکی گەشتیاری مۆدێرن لە مێرگەپان- کوردستان


نمونەی چەند کەپرێکی گەشتیاری ئارێک لە سروشتێکی جوان

گەشتیاران لەکوالێتی و خزمەتگوزاری و نرخی کەپرەکانی گەشتیاری ناڕازین

نادر روستی

ماوەیەکە لە تۆڕی کۆمەلایەتی فەیس بووک گەشتیاران و هاوڵاتیان بە چەندان شێوە ڕەخنە لە بەرزی نرخ و لە شێوازی دروستکردنی بەشی زۆری کەپرەکان و لە جۆری خزمەتگوزاری ناوچەکانی گەشتیاری بە گشتی و کەپرەکانی گەشتیاری بە تایبەت دەگرن، بۆیە بە پێویستی دەزانین تیشکێک بخەینە سەری و مەترسی بەردەوام بوونی کەموکورتیەکان لەسەر گەشەسەندنی کەرتی گەشتیاری بخەینەروو.

لێواری ڕووباری بەشێکی زۆر لە ناوچە شاخاویەکان کراون بە کەپری گەشتیاری، لە وەرزی هاوین پڕ دەبن لە گەشتیار، هەندک لەکەپرو شوێنەکان بەشەوانیش گەشتیار لە خۆدەگرن و بۆ چەند شەوێک دەمێنەوە و کاتەکانیان لە لێواری ڕووبارەکان لە کەش و هەوایەکی فێنک دوور لە گەرمای بەرزی هاوین و دوور لە چوارچێوەی دیواری هوتێلەکان بەسەر دەبەن و خۆیان دەخەنە باوەشی سروشتەوە. مانەوەی گەشتیار لە ناو سروشت چێژ و خۆشی زۆری بە گەشتیاران بەخشیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەلێک ڕەخنە و تێبینیان لەسەر شوێنەکان و جۆری خزمەتگوزاریەکان هەیە.

وەک دیارە ئەم چەند ساڵەی دوای دەیان ڕەزووباخ لە خۆشی گەشتیاران بە هۆی قازانجی زۆر بۆ خاوەن شوێنەکان کراون بە کەپرو پرۆژەی گەشتیاری، چونکە دڵنیا بوون ئەوداهاتەی لەیەک مانگ لەپرۆژە گەشتیاریەکانیان دەست دەکەوێت، بەکۆی ساڵ لە بەرهەمی ڕەزو کشتوکاڵ کردن دەستیان ناکەوێت، ئەمەش وایکردوە لە هەندێک ناوچە و شوێن زۆر بەخراپ زۆر بەنارێکی و بەکەم شارەزای و بەکوالیتی زۆر نزم کەپرەکان دروست بکەن، سەرەڕای ئەوەی کەخزمەتگوزاری و کوالیتی کارەکانیان زۆر نزم و خراپن، لە هەندێک شوێنیش بەبێ مۆڵەت و بەبێ پرسی بەرێوەبەرایەتیەکانی گەشتوگوزار کارەکانیان کردوە، بۆیە زۆربەیان لە ڕووی دیزاین و شێواز و کوالیتی و ڕێکخستنەوە زۆر نارێکن، لە هەمانکاتدا لە ڕووی نرخ و خزمەتگوزاریەوە خراپن، تەنانەت لە ڕووی پێشوازی و میواندارای و مامەلەکردن لەگەڵ گەشتیاران لە هەندێک شوێن تۆند و نارێک و خراپ و بێ باکن. هەموو ئەمانە وایانکردووە کە بەشیکی زۆر لە گەشتیار و هاوڵاتیان گلەییان هەبێت و ناڕازی بن لە نرخ و کوالیتی و پاک و خاوێنی و لە جۆری خزمەتگوزاری و لە جۆری مامەلەی پیشوازی و میواندارای کردن. هۆکاری کێشەکانیش کە بۆ گەشتیاران دروستبوونە بەشێکی بۆ : ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

1- تەسکبینی و بیر کورتی و نەبوونی ستراتیژیەت و خەمیی داهاتوو لە لایەن خاوەنی بەشێک لە پرۆژەکان بۆ خۆیان و ناوچەکە.

2- بێ ئەزموونی و کەم شارەزایی و سادەیی خاوەن پرۆژەکە و کەپرەکان.

3- هەندێکیان تەنیا بیر لە پارە بەدەست خستن دەکەنەوە و گرنگی بە داخوازی گەشتیاران نادەن.

4- نەبوونی شارەزایی کارمەند و ئیدارەی شوێنەکانیش چەندان کێشە بۆ ناوچەکە و گەشتیارەکان دروست دەکات.

5- بەدوادانەچوونی بەرپرسانی گەشتیاری لە ناوچەکەش دەیان کەپر و پرۆژەی نارێکی بەرهەم هێناوە .

بۆیە دەکرێ بڵێین بەردەوام بوون بەم شێوازە، پێویستە هەموو لایەک دڵنیابین کەرتی گەشتیاری بەرەو دواوە دەبات، بۆیە پێویستە سوود لە ئەزموونی کارە جوانەکان و پرۆژە جوانەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی بیانی وەربگرین و ناوچەکانی گەشتیاری و پرۆژەکان بە چەندین چالاکی و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر دەوڵەمەند بکەین، ئەمەش وا دەکات کەرتی گەشتیاری بەرەوپێشەوە بروات و خاوەن پرۆژەکانیش قازانجی زۆرتر بکەن و پرۆژەکانیان فراوان ترو گەورەتر بکەن و دڵی گەشتیارانیش ڕازی بکەن.


نمونەی چەند کەپرێکی گەشتیاری مۆدێرن لە ئەوروپا

ژمارەیەک گەنجی باڵەکایەتی هەڵمەتی پاککردنەوەی ناوچە گەشتیارییەکان جێبەجێ دەکەن



ماوەیەکە ژمارەیەک گەنجی باڵەکایەتی لەهەستی بەرپرسیاریەتی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان بە شێوەی خۆبەخشانە ناوبەناوە هەڵمەتی پاککردنەوەی نیشتمان لە پاشماوەی گەشتیارانیان ڕاگەیاندووە و هەرجارەی چەند شوێنێک پاک دەکەنەوە و چەند پەیامێک ئاراستەی هاوڵاتیان و گەشتیاران و ژینگە پارێزان دەکەن. ئەمەی خوارەوە پەیامی شەماڵ ناوپردانییە کە ئەندامێکی کارا و کە خاوەنی بیرۆکەکەیەو سەرپەرشتی چالاکییەکانە.

هەرکەسێک بەیەک وشەش بەژداری هەڵمەتی ژینگەیی بکات ئەوە جێگای ڕێزو تەقدیرە و پێویستە ڕێزی لێ بگیردرێت بۆیە کاتێک کەسێک لەگەڵ ئێمە دێت بەژداری دەکات، چ بەرپرسە یان هەرکەسێکە لە حکومەت و حیزب، پێویستە دەستخۆشی لێ بکرێت و نابێ بڵێی بوویتە حیزبی، چونکە تا ئێستا ڕێگا لەکەس نەگیراوە بەژداری نەکات یان بەژداری کردن ببووێتە زۆرە ملێ. ئەوەی گرنگە ساردمان نەکەوە، ئەوەی ئێمە ئەیکەین بۆ خەڵکی خۆمانە و لۆ هۆشیاری کۆمەڵگایە، نەک لۆئەوەی موزایەدەی پێوەبکرێ و ئەو بڵێ من خاوەنی فلان و ئەو بڵێ من وامکردیەوە وامکردیە. لێگەڕێن با ئەو شتە وا بەجوانی بڕوات کام بەرپرس و کام دائیرەشە بابێتە پاڵ ئێمە بەو پەڕی ڕێزەوە کارەکانی بەرزدەنرخێنین.

ئێمە بەردەوامین ئێوەش لەگەڵ ئێمە بن

گەشتکردن بۆ نەهێشتنی شێرپەنجە بە سوودە

گەشتوگوزار لە زۆر ڕووەوە کاریگەری هەیە، لەڕووی تەندوستی کاریگەی خۆی لەسەرمرۆڤ هەیە، یەکێک لەو نەخۆشیانەی کەوا مرۆڤ پێوەی سەرگەردان دەبێ و هەمیشە ناوی مەرگ دێت لەگەڵی نەخۆشی شێرپەنجەیە. لێرەوە باشە کەبزانن کەزانستی نوی گەیشتە ئەو ئاستەی، کەوا گەشت کردن بۆ شوێنە گەشتیارەکان هۆکارەکی گرینگە بۆ گەشە کردنی ئەو پرۆتیانەنانەی کە دژی نەخۆشی شێرپەنجەن، لێکۆڵینەوەک کەوا لە وڵاتی ژاپۆن کرابوو دەری خستووە ، کەوا ئەوکسانەی ژیان لەنزیک جەنگەلەکان و شوێنەگەشتیارەکان بەسەردەبەن، نەخۆشی شێرپەنجە کەمتر تێدا بڵاو بۆتەوە بەڕاورد بەئەو شوێنانەی لەجەنگەکان و شوێنە گەشتیارەکان دورن، هەروەها ئەوکسانەی سەردانی شوێنە گەشتیاردکان دەکەن، ڕێژەی مەرگ و نەخۆشی شێرپەنجە کەمترە لەو کەسانەی کەوا سەردانی شوێنە گەشتیارەکان ناکەن.

ئا/ ئیبراهیم خالید



گروپێک لە گەنجانی وەرتێ باس لە گرنگی داهاتی گەشتیاری بۆ ناوچەکەیان دەکەن و هەڵوێستێکی نیشتمانپەروەرانە رادەگەیێنن

ناوەڕۆکی هەڵوێستەکە بەناوی خودا...
لەبارەی پرۆسەی گەشتوگوزار و مامەڵەی خەڵکەکەمان لەگەڵ گەشتیاران
(ڕەخنەگرتن بنەمای پێشکەوتنمان دەبێت)

سوپاسگوزاری خوا دەکەین کەوا ئاو و هەوایەکی سازگارو فێنکی بەسروشتی دەڤەرەکەمان بەخشیوە، ئەمەش نیعمەتێکە تەنیا سوپاسی خودای دەوێت. ماوەی 3بۆ 4ساڵە ناوچەکەمان بۆتە ناوچەیەکی گرنگی گەشتیاری، لەوەرزی گەرمادا گەشتیارێکی زۆر لەتەواوی شارەکانی هەرێم ڕوو لەسەیرانگاکانی وەرتێ و دەوروبەری دەکەن. ئەمە بابەتێکی ئاساییە چونکە لەسایەی ئەم گەشتوگوزاردا بەشێک لەخێزانەکامان بونەتە خاوەنی داهات و سەرمایەیەکی باش، جگەلەوەش خاوەن دووکانەکانیش قازانجی زۆریان پێگەیشتووە، بەجۆرێک گەشتیاران جموجۆڵی گرنگیان خستۆتە دۆخی بازاڕی دەڤەرەکەمان.

بەڵام بەداخەوە ئەوەی جێگەی داخ و نیگەرانیە ، خەریکە دووکاندار و خاوەن سەیرانگاکامان هەرچی دابونەریت و کلتوری جوان و ڕەسەنایەتی هەیە لەناوی دەبەن، چونکە نرخی کاڵاو شمەکەکان بەجۆرێک بەگەشتیاران دەفرۆشرێن کە لەحاڵەتەوە بۆتە دیاردەیەکی ئابڕوبەر بۆ ناوچەکەمان، هەروەها خاوەن سەیرانگاکانیش بێ ویژدانانە کەپرەکان بەکرێ دەدەن بەجۆرێک لە مالیزیاو قوبرس ئاوا خەڵک بەو نرخە گرانە دانانیشێت.

ئێمە لای خۆمانەوە بەناوی کۆمەلێک گەنج و چالاکوانی دەڤەرەکەمانەوە، سەرکۆنەی ئەو دیاردە قێزەونانە دەکەین کەڕووی ڕاستەقینەی دەڤەرەکەمان بۆ بڕە پارەیەکی کەم لەکەدار دەکەن.

لێرەوە ڕایدەگەینین پێویستە هەموو دوکاندارەکان و خاوەن سەیرانگاکان هۆشی ویژدان و مرۆڤدۆستیان بێتەوەبەر و چیتر گیرفانی گەشتیاران و ڕێبواران ڕووت نەکەنەوە.


گەشتیاران میوانێکی ئەزیزی دەڤەرەکەمانن، ئەوان سوودی مادەی و مەعنەویان بۆ ناوچاکەمان هەیە، بۆیە ناکرێت ئیستیغلالی گەشتیاران بکرێت، پێویستە هەڵمەتی ڕووتاندنەوەی گیرفانی گەشتیاران ڕابگیرێت و کۆتایی پێ بێت.خەڵکی وەرتێ بەرپرس نیە لەو ناشیرینیەی کەبەناوی پرۆسەی گەشتیاریەوە ئەنجام دەدرێت، کلتوری ژیاندۆستی و مەسەلەی ویژدان جوانترین بەهای خەڵکی دەڤەرەکەمانن کەشانازیان پێوەدەکەین. ئێمە ئامۆژگاری هەموان دەکەین لەپێناو دەستخستنی چەند دینارو دۆلارێک، ڕۆژی و نانی ماڵ و منداڵتان حەرام مەکەن، هەروەها بێ ویژدانیش مەکەن بەبەشێک لەکلتوری ناوچەکەمان.

لێرەوە ڕایدەگەینین ئەگەر خۆیان چاک نەکەن ناچار دەبین لەتۆڕە کۆمەلایەتیەکان ناوی ئەو دوکاندار و خاوەن سەیرانگایانە بلاوبکەینەوە کە بێ ویژدانن لەکڕین و فرۆشتن، ناویان بلاودەکەینەوە بۆئەوەی بەخۆیاندا بچنەوە، بەڵام ئێمە ئامۆژگاریتان دەکەین باکار نەگاتە ئەو بابەتە.

هیواداربن کۆتایی بەدیاردەی قۆڵبرین بهێنن و بگەڕێنەوە سەر ڕێچکە ئەسڵیەکەی ڕێزو میواندۆستی و مرۆڤدۆستی.

دەستەیەک لەگەنجان و چالاکوانانی وەرتێ.

Email: hawarmurtkaee@yahoo.com – بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407
چوار شەممە 2019/8/28 ژمارە (5816) کەبات www.xebat.net



ئەنسو فاتی میژوویەکی لە بەرشلۆنە تۆمارکرد

یارییەکەی بەرشلۆنە و ریال بیتس، کە لە میانی یارییەرکانی حولی ئیسپانی بەرێوەچوو، وە ەبرشلۆنە یارییەکەی بە ئەنجامی 2-5گۆڵ بردیەوە، ئەمانە هەمووی بەلایەک و لە خولەکی 78ی یارییەکەدا رووداویکی دەگمەن و میژوویی لە میژووی بەرسا و کامپ نو رووبدا کاتێک ڤالڤێردی راهێنەر، ئەنسو فاتی یاریزانە لاوەکەی غینیای بردە ناو یاریگا لە شوێنی کارلیس پییریز، کە ئەمەش بووە دووەم بچووکترین یاریزان کە بەدرێسی بەرشلۆنە بەشداری یارییەکی فەرمی ئەو یانەیە بکات، کە پێشتر لە وەرزی 1941- 1942 کە فیسنس مارتینیز لەبەرامبەر ریال مەدرید ایری کرد.

بەر لە بەشداری کردنی ئەو یاریزانەش لیگای ئیسپانی داوای ردزامەندی لە دایک و باوکی ئەو یاریزانە کردبوو، چەنکە فاتی هێشتا 18 سالی تەواو نەکردووە، دوای ردزامەندیش ڤالڤێردی سوور بوو لەسەر ئەوەی بەشداری پێ بکات چونکە متمانەیەکی تەواوی پێ هەبوو.

رابیۆ: یۆڤانتۆس بە بەختە کە رۆنالدۆی هەیە



ئەدریان رابیۆ، یاریزانی فەرەنسی یانەی یۆڤانتسی ئیتالی دووپاتی کردەوە، هەموو یارییەکانی خاڤە پیرەکە لە وەرزی تازەدا ئەستەم دەبێت. رابیۆ، لێدوانی بۆ مالپەری کالچیۆ میرکاتۆی ئیتالی دا و وتی:"ناتوانم چاوەڕێ بکەم، بۆ ئەوەی یەکەم یاری لەو سەرکێشییە تازەیەدا بکەم". وتیشی:"کاتی زۆرمان هەبوو، خۆمان بۆ وەرزی تازە ئامادە بکەین، پێشبینی دەکەم، هەموو یارییەکان ئەستەم بێت، هەتا یاری پارماش، بەڵام، وای دەبینم، یۆڤانتس بۆ هەموو هەڤرکییەک ئامادەیە". هەروەها وتی:"بەشداریم کرد و باش خۆم لەگەڵ تیپەکە گونجاند، بەڵام، تاکو ئێستا نازانم، لە پێکهاتەی سەرەکی دەبم یان نا، هیوادارم متمانەی راهێنەر بەدەست بێنم". رابیۆ، لە بارەی رۆنالدۆوە وتی:"رۆنالدۆ یاریزانێکی زۆر پیشەگەرە، شتێکی باشە، لەگەڵ ئەو لەیەک تیپ یاری و راهێنان بکەیت". ئەوەشی وت:" من و کریستیانۆ لە لای چەپ یاری دەکەین، ئەوەش وا دەکات، لەسەر یاریگە بە باشی لەگەڵ یەکتری بگونجێین، هەروەها تیپەکەمان بەختی هەیە، یاریزانێکی وەکو ئەوی هەیە".

رەمزی میرەکانی

بارزان خولێکی تۆپی پێ بەرێوەچوو



مسلم دۆلەمەری / بارزان

لەدرێژەی کاروچالاکییەکانی وخزمەتکردن بە توێژی لاوان، ناوەندی بالا میرگەسوری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە یاریگای فریزی دەستکردی پیران بەئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاوله بەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی و رێکخراوەیی و وەرزش دۆستان کۆتای بەخولێکی تۆپی پێ هێنا.

شایانی باسە ناوەندی ناوبراوئەم خولەی لەیادی 16ی ئاب بۆ 32تیمی سنوری خۆی ئامادە کردبوو کە شەوانە لە یاریگای فریزی دەستکردی ناحیەی پیران لەلایەن چەند ناوبژیوانی شارەزاوە بەرێوەدەچوو، کەلەئەنجامدا هەردووتیپی کۆلەکاو مەمۆلان گەیشتنە یاری کۆتای و تیپی کۆلەکان توانی 4 گۆڵ بەرامبەر بە 3گۆڵ بەسەر تیپی مەمۆلان دا سەرکەوێت وببێتە پالەوانی خولەکە.

یاریزانێکی سپارتاک بیری هاوسەرەکەی دەکات



ئەندریە چۆرلی یاریزانی ئەڵمانی و یانەی سپارتاک مۆسکۆی رووسی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی لە ئینستاگرام پۆستێکی کردووە و رایگەیاندووە کە بیری هاوسەرەکەی دەکات.

ئەو یاریزانە کە ئێستا لە خولی رووسی یاری دەکات لە پۆستەکەی لە ئینستاگرام ئاماژەی بەهیچ نەداوە کە هۆکاری ئەو بیرکردنەی چییە؟ تەنها پەیامێکی کورتی نووسیوە و زۆر بیرت دەکەم، هەروەها لەگەڵ پۆستەکەش وێنەیەکی خۆی و هاوسەرەکەی داناوە و بەش کۆمەڵێک پرسیاری گوماناوی لەدوای ئەو پەیامەدا جێهێشت و میدیاکان لەهەوڵی ئاشکراکردنی ئەو بیرکردنەی ئەو یاریزانەکەن.

رۆژنامەی ئاس: گەڕانەوەی ریال مەدرید بۆ رابردوو



یانەی ریال مەدرید لە گەڕی دووەمی لالیگادا بەرامبەر یانەی بەلەدولید لەسەر یاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆ بەرامبەر بوو، ئەم ئەنجامە دەنگۆیەکی لەنێومیدیا وەرزشییەکانی ئیسپانیا نایەوە و هەریەک لای خۆیەوە وەک سەرەتایەکی بێ ئومێدییەوە لەو یانە مەدریدییە دەڕوانن.

رۆژنامەی as لە بەرگی یەکەمی رۆژی دواتری یارییەکە، تەواو لاپەرەکەی تەرخان کردووە بەم ئەنجامەی ناو سانتیاگۆ، بە مانشێتێکی گەورە نوسیویەتی گەڕانەوە بۆ رابردوو، لەناوەرۆکی ئەو بابەتەشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بەرامبەربوونێک بەتامی دۆڕاندن کە لە دەستدانی دوو خاڵەکە، بە کارەسات ناوهێناوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 28. Aug. 2019 No: (5816)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



باسی مێژوو و پێکهاتەژیان و ئاوەدانی شارەکە دەکات

کامەران عەبدولڕەحمان و عارەب عوسمان گۆرانی (هەولێرەکەم) بڵاودەکەنەوە






بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندان تە نیا عارەب و کامەران عەبدولڕەحمانحەیران و بە ستەیەک بۆ شاری هەولێر ئەچڕن، هونەرمەند کامەران عەبدولڕەحمان بەخەباتی گوت: ئەم گۆرانییە باسی مێژوو و پێکهاتەژیانی نەتەوەکان و جوانی و ئاوەدانی و لەئامێزگرتنی هەموو کەسێک دەکات، کە لە هۆنراوەی یوسف عەبدولقادر و ئاوازی کامەران عە بدولڕەحمان و گوتنی: تەنیا عارەب و کامەران عەبدولڕەحمان و ئامادە و دابەشکردنی مۆسیقای نیهادسابرە. سێت کەمانی ئەم بەرهەمە سەید ئەحمەد ڕەواندزی و فاروق باپیر و هەڵبەست سەلاح، چەلۆ هۆزان و قانوون زانا ئە نوەر و عود لێزان قادر و نای ئومێد بالەبان و ستۆدیۆی دەنگ نیهاد سابر و مۆنتاژو دەرهێنانی دلێر عومەرە. هونەرمەند لە دووماهیدا گوتی: سوپاس بۆ بڵند خۆشناو، چایخانەی مام خە لیل، وێنەگر ئارام خەسرەو، کە هاوکارمان بوون.

مەدحەت بێخە: هێشتا خۆم لەژیان ماوم شیعرەکانم دەدزن!



من وەکو بلبل

من وەکو بلبل لەناو باغا گەرام بێزار
چل بە چل دیمەن بە دیمەن گاتی وەرزی نەبەهار
نەم چنی تاک تاک گوڵانی جوان و بۆنەدار دیار
گشتی بێ سوود بوو لەلام نەبیوو جوانی بەڕەی یار

*****

ڕۆژ جوانم دی بە چاو وەک تاسک و باڵا چنار
شۆخ و شەنگی دەشت و کۆسار تاسک و نازداری شار
لەو جوانانەی کە سەریشکن لە خاکی نیشتمان
هێشتا نەمدیوە وەکو یار دیمەنی شیرین نیگار

*****

گەرچی دڕکی دوو دڵان ڕۆژن نەدەن هەوڵی بەکار
بۆ لەیەک بوونی نەوانەی بوونیە یەک خوێن و دەمار
خۆشەویستی من لەگەڵ یار بێ وچان هەر دێتە جۆش
تاقە هیوامە بە تەنیا ناوی هەردەم وا لە زار

*****

لە ١٩٥٩ لەلایەن هونەرمەندی ڕەحمەتی (تاهیر تۆفیق) کراوە بە گۆرانی، هەروەها هونەرمەند (میکائیل) کراوە بە گۆرانی.

بەرهەم شێخ عزەدین

مەدحەت بێخەو، ناوێکی دیاری نێو بواری ئەدەب و شیعرە، ئەو لەدەستپێکی هاتنە نێو دونیای شیعر ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی گرتەبەر و وەک دەنگێکی حەقبێژ لەشیعرەکاندا داکۆکی لەمافی چەوساوەکان کردووە.

بێخەوی شاعیر، بەشێکی زۆری شیعرەکانی لەلایەن هونەرمەندانەوە کراون بە سروود و گۆرانی و ئاوازییان بۆ داناوە. دیارترین سروودیش کە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا سروودی نابەزین بوو کە لەلایەن هونەرمەند فواد ئەحمەد تۆمارکرا ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی وڕەی پێشمەرگە و بەردەوام لەئێزگەی دەنگی کوردستانەوە پەخش دەکرا.مەدحەت بێخەو، تا ئێستا لەژیان ماوە و لەنووسینی شیعر بەردەوامە، شاعیر لەپەیوەندیەکی تایبەت بەخەبا گلەیی ئەوە دەکات جێگەی داخە کە تائێستا خۆی هێشتاکە لەژیان ماوە بەبەرچاوی ئەوەوە شیعرەکانی لەلایەن کەسانێکەوە دەدزرێن لەبەرچاوی خۆیەوە ناوی کەسانێکی دیکەی لەسەر دادەنرێت. نموونەش بەشیعری (من وەکو بلبل) دەهێنێتەوە کە لەساڵی ١٩٥٩ ئەو شیعرەی نووسیووە و لەلایەن هونەرمەند تاهیر تۆفیق کراوە بەگۆرانی، دواتریش هەر ئەو گۆرانییە لەلایەن هونەرمەند میکائیل دووبارە کراوەتەوە، کەچی ئێستا لەفیسبووک بینیومە کەسێک ئاوازی بۆداناوە و نووسیوویەتی شیعری هێمنی شاعیرە لەکاتێکدا هێمن شیعری گۆرانی نەبووە. بەڕاستی زۆرنیگەرانم لەو جۆرەکارانە هیوادارم ئەوە دووبارە نەبێتەوە.



مەترسییەکانی سووتانی دارستانی ئەمازۆن

ئامادەکردنی / پەریها عومەر

لە ئێستادا بابەتی گرگرتنی دارستانی ئەمازۆن بۆتە بابەتێکی جیهانی، وەک دەزانین بوونی ئەمازۆن بۆ بەردەوامی ژیان لەسەر زەوی پێویستە.

دارستانی ئەمازۆن چیە ؟

دارستانی ئەمازۆن گەورەترین دارستانی باراناویە لەسەر زەوی بە ڕووبەری 6.9 ملیۆن کیلۆمەتر و کە دەکاتە 40%ی کیشوەری ئەمریکای باشوور ، ئەم دارستانە بەهۆی گەورەیی ڕووبەرەکەی بەسەر 9دەوڵەت دابەش دەبێت کە بەشی زۆری لە سنووری بەڕازیلە بە ڕێژەی 60%. دارستانی ئەمازۆن نزیکی 390 ملیار داری زیندووی تێدایە کە 16 هەزار جۆری جیاوازن و بەهۆی چڕی و گەورەیی دارەکان لە کاتی بارانبارین ئاو پێویستی بە 13 خولەکە بۆ ئەوەی بگاتە سەر زەوی دارستانەکە و ئەم دارستانە گەورەترین ڕووبار لە خۆ دەگرێت، ئەمازۆن 40هەزار جۆری جیاوازی ڕووەک لە خۆ دەگرێت و ڕووەکەکانی لە چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە بەکاردێت، زیاتر لە 2 ملیۆن جۆر لە میڕوو لەخۆ دەگرێت و ژەهراویترین جۆری بۆق و مار و میڕوولەکان لە خۆ دەگرێت.

گرنگی دارستانی ئەمازۆن چییە بۆ مرۆڤ؟

دارستانی ئەمازۆن یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی ژیان بۆ مرۆڤ و یارمەتیدەرێکی باشی مرۆڤە لە ڕووی دابین کردنی بڕێکی زۆری ئۆکسجین کە زیاتر لە 20%ی ئۆکسجینی سەر زەوی دابین دەکات، ڕۆکاری سەرەکی باران بارینە لە زۆربەی ناوچەکانی جیان ، کە بە 70%ی هۆکاری باران ارین لە جیان دەخەملێندرێت.

ئاگرگرتنی دارستانەکە و هۆکارەکانی؟

ماوەی 18 ڕۆژە ئاگرێکی گەورە لەو دارستانە بەربووە کە لە ئێستادا حکوومەتی بەڕازیل توانای کۆنترۆڵکردنی نییە و لە ساڵانی پێش 1970ئەم حکوومەتانە دەستیان کرد بە بڕینەوە و لەناوبردنی دارستانەکە کە بە ڕێژەی 60%ی دارستانەکەیان لەناوبرد لە ساڵانی 1947 تا 1970و لە دوای ئەوە ڕیکخراوەکانی پاراستنی ژینگە توانیان ئەم دیاردە بوەستێنن، بۆیە هەمیشە حکوومەتەکان بەهۆکاری جیاواز ئەم دارستانە لە ناو دەبەن. بۆ نموونە ساڵانە بەڕازیل بەهۆکاری بەبوونی ڕووەکەکانی ماددە هۆشبەرەکان ساڵانە زیاتر لە 3000دار ئەبڕێتەوە کە مەبەستیش لەمە ئەمانەن بڕینەوەی دارەکان و دروستکردنی کارگە و پڕۆژەی پیشەسازی کە شوێنی دارستانەکە شوێنێکی ستراتیژییە و سوودوەرگرتنی ئەم وڵاتانە لە دارە بڕاوەکان بۆ سووتەمەنی و یاخود پڕۆژەی پیشەسازی هەروەها گەشتنی ئاسانی حکومەتەکان بە ئاوی ڕووباری ئامازۆن و سوود وەرگرتن لە ئاوەکە بۆ پیشەسازی کارەبا و سەرچاوەی ماسی گرنگە بۆ وڵاتەکانیان هەروەها دروستکردنی پڕۆژەی نیشتەجێبوون و لە ناو بردنی دارستانەکە و دروستکردنی خانوو و بوون بە شوێنێکی نیشتەجێبوون.

سەرچاوە: یوتیوپ، ڕاپۆرتێکی دیکۆمێنتاری دەربارەی دارستانی ئەمازۆن، نووسینی دڵزان مەجید.

ڕواندز.. لەسمیناڕێکدا پەرتووکێکی پەروەردەیی بڵاوکرایەوە



محەمەد مەحمود / ڕواندز

لەشاری ڕواندز خوێندنەوە بۆپەرتووکێکی پەروەردەیی کراو سمیناڕێکش لەژێرناوی بونیادنانی مرۆڤ لە پەروەردە بەئامادەبوونی شارەزایانی پەروەردەو سەرپەرشتیاران و مامۆستایان و خوێنەران بەڕێوەچوو.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕواندز بەهاوکاری دەزگای زاری کرمانجی بۆراگەیاندن و ڕۆشنبیری لەشاری ڕواندز، لە مەراسیمێکی تایبەتدا سمیناڕێک لەژێر ناونیشانی (بونیادنانی مرۆڤ لەپەروەردە) هەروەها ناساندنی پەرتووکێکی پەروەردەیی بۆ نووسەر و شارەزایی پەروەردەیی مامۆستا بەکر کەریم حەسەن بەڕێوەچوو، لەم بارەیەوە مامۆستا چنور مەزهەر محەمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕواندز بەزاری کرمانجی ڕاگەیاند " لەو چالاکییەدا ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستیان و سەرپەرشتیاران و شارەزایانی پەروەردەی و نووسەران و خوێنەران ئامادەبوون ، لەلایەکی ترەوە مامۆستا بەکر کەریم حەسەن شارەزاو نووسەری بواری پەروەردە بۆزاری کرمانجی گوتی " زۆرسوپاس بۆ دەزگای زاری کرمانجی و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕواندز کە توانیان سەرپەرشتی سیمیناڕێک و ناساندنی پەرتووکی پەروەردەی من بگرنە ئەستۆ ، دڵخۆشبووم بەم کارەیان بەو هیوایەم لەڕێگای نووسینەوە بتووانم زیاتر خزمەتی بواری پەروەردە بکەم. جێگای باسە ئەو پەرتووکە دەیەمین پەرتووکی نووسەر بوو لەسەر پەروەردە کە تائێستا بڵاوی کردوونەتەوە.